دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٩٠، دووشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی، ٤ی ژانویەی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com



پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینییەوە

ساڵی تازەی زایینی پیرۆز بێت
بەبۆنەی سەری ساڵی تازەی زایینی و لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا مەسیح پیرۆزبایی لە هاونیشتمانیانی مەسیحیمان لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم،
ئاواتمانە ساڵی ٢٠٢١ ساڵی ئاشتی و پڕ لە خۆشی بێ بۆ هەموو لایەک.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١١ی بەفرانباری ١٣٩٩ی هەتاوی
٣١ی دێسامبری ٢٠٢٠ی زایینی



وتووێژی «ڕووداو» لەگەڵ بەڕێز «مستەفا هیجری»

٤



بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە

٦



کرماشان، ئیلام و لورستان؛ بازنەی شاراوە و ...

٨



ڕاهێنەری، فێرگەیەک بۆ فێربوون

١٠

# زیندانی گەورە



ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ئاشکرای کردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دووهەم پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤە لە جیهاندا.

لە ڕەدەبەندییەکدا کە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردووەتەوە؛ هاتووە کە «ڕەجەب تەیب ئەردووغان، کیم جۆنگ ئوون و ڤێلادیمێر پووتین» بە ڕیز لە ڕەدەی هەشتەم، نۆهەم و دەیەمی پێشێلکارانی مافی مرۆڤی ساڵی ٢٠٢٠دان.

ئەو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤییە، وێنەی «خامنەیی « لە تەنیشت ٩ ڕێبەری دیکتاتۆر و نادێموکراتیک داناوە و ئاماژەی بە بەشێک لەو جینایەتانە کردووە کە بە فەرمانی «خامنەیی» ئەنجام دراون.

ڕێکخراوەی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە سەرەتای ساڵی نوێی زایینیی ٢٠٢١دا، لیستەی ١٠ وڵاتی پێشێلکاری مافی مرۆڤی لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاو کردووەتەوە کە «ئێران» دوای «جمهوری خەلقی چین» لە پلەی دووهەمی ئەو لیستەیەدا ناوی هاتووە.

بەشێک لەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤی ڕێژیمی ئێران ئێعدام، سەرکوت، سزای زیندانیی قورس و بێسەروشوێنکردنی هاووڵاتیان لەخۆ دەگرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوی «هەواڵنێرانی بێسنوور» لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە کە ئێران گەورەترین بکوژی ڕۆژنامەنووسان لە نیوسەدەی ڕابردوودایە.

ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٥٠ ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کوژراون. زۆربەی قوربانییان ئەوانە بوون کە بەهۆی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان بۆ دۆسیەکانی گەندەڵیی سیاسی، ئیداری و دارایی و هەندێک پرسی تایبەت بە ژینگە کوژراون. ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئێران تاکە وڵاتە زۆر بە ڕاشکاوی فەرمانی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان دەدات.

وڵاتانی «مێکزیک، هێند و پاکستان» بە خراپترین و نائارامترین وڵات بۆ چالاکیی ڕۆژنامەنووسان هەژمار کراوە و ئێرانیش تاکە وڵاتە کە زۆر بە ڕاشکاوی فەرمانی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان دەدات و لە نیوسەدەی ڕابردوودا هیچ وڵاتێک هێندەی ئێران لە ڕۆژنامەنووسانی نەکوشتووە.

ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی بە «ڕوحوڵڵا زەم» بەڕێوەبەری کەناڵی تێلێگرامیی «ئامەدنیوز» کردووە کە ماوەیەک لەمەوبەر لە ئێران لەسێدارە درا.

کوشتنی ئەم ڕۆژنامەنووسە لە ئاستی نێودەوڵەتی هەرایەکی زۆری لێکەوتەوە و زۆرێک لە وڵاتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتوندی سەرکۆنەی ڕێژیمی ئێرانیان کرد.

پێشتریش لە مانگی ڕەزبەردا فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی ٦٠ لاپەڕەییدا لەژێرناوی «لێخۆشبوون بۆ هیچ کەس نییە؛ پەرەسەندنی سزای سێدارە لە ئێران» ڕایگەیاندبوو کە ئێعدامە بێسنوورەکان لە ئێران بوونەتە پەڵەیەکی ڕەش لە پەروەندەی مافی مرۆڤی ئەم وڵاتە بە چەشنێک کە پاش چین ئێران پلەی دووهەمی ئێعدامەکان لە جیهانی هەیە؛ ئاماژەشی بەوە کردووە کە تەنیا لە ٩ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠دا نیزیک بە ٢٠٠ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون.

دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران چەندقات خراپتر لە دۆخی ئاماژەبۆکراو لە سەرانسەری ئێرانە؛ ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردپا، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی، لە ڕاپۆرتێکی جیاکاری_ئاماریدا، ئاماری کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردووی زایینی خستتەڕوو (لە ساڵی ٢٠١٢ هەتا ساڵی ٢٠٢٠) کە بە کورتی بەم چەشنەیە:

لە ساڵی ٢٠١٢هەتا ساڵی ٢٠٢٠ بە گشتی ١٣٨٢ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوونە (٤٩٦ کوژراو و ٩١٣ بریندار).

٢٨ کەس لەو کۆڵبەرانە کە کوژران و بریندار بوونە، تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بووە. ٧٨٪ لەو کۆڵبەرانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون. کوژران و بریندابوونی کۆڵبەران بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی ٧٪، سەرمابردوویی و ڕنووە٦٪ و تەقینەوەی مین ٥٪، لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوژران و بریندارابوونی کۆڵبەران بوون.

هەروەها لە ماوەی ٩ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٩دا، بە گشتیی ٨٨ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی «ئەمنییەتیی» لەلایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە، بە زیندان و سزاکانی دیکە مەحکووم کراون.

لە ئامارێکی دیکەشدا کوردپا ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی ٩ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٩٩، بە گشتی ٣٧٣ هاووڵاتیی کورد لە کوردستان دەسبەسەر کراون کە ٣٣٣ کەس لەو دەسبەسەرکراوانە لەو ماوەیەدا، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

کەمترین حوکمی داسەپاو بەسەر ئەم گیراوانە ٢ مانگ زیندان و زۆرترینی ئەو حوکمانەش ئێعدام بووە.

تۆمەتی وەپاڵدراو لە کاتی داسەپاندنی حوکم بەسەر ئەم کەسانە بە کورتی بەم چەشنە بووە:

هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، پڕۆپاگەندە دژی نیزام، بەشداری لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیی مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٦ لە شاری بانە بەنیسبەت کوژرانی کۆڵبەران، هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی، تێکدانی نەزمی گشتی، ئەندامبوون لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان، ئاگردانی بەنێری قاسم سلێمانی، بەشداری لە کۆبوونەوە بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە، سیخوڕیکردن بۆ وڵاتان، کۆبوونەوە و تەبانی، سەرپێچیکردن و بێڕێزی بە حکوومەت و مەئموران، دەربازبوون لە سنوور بە شێوەی نایاسایی، هەڵگرتن و فرۆشتنی چەکوچۆڵ و ئەندامبوون لە گرووپە دژبەرەکانی نیزام.

ئەو کەسانەی کە ئەم حوکمانەیان بەسەردا سەپاوە بریتی بوون لە کۆمەڵێک چالاکی بوارەکانی مەزهەبی، ژینگەیی، فەرهەنگی، ڕۆژنامەوانی، مەدەنی، زیندانییانی سیاسی، بواری ژنان، بواری کرێکاری.

هەر لەو ماوەیەدا بە گشتیی ٢٩ هاووڵاتیی کورد، ئێعدام کراون کە سێ کەسیان زیندانی سیاسی بوون و بەگشتی لەم زیندانانە ئێعدام کراون: ٩ کەس لە زیندانی سنە، ٧ کەس لە زیندانی ورمێ، ٢ کەس لە زیندانی مەراغە، ٣ کەس لە زیندانی سەقز، ٢ کەس لە زیندانی کرماشان،١ کەس لە زیندانی میاندووئاو، زیندانییەک لە زیندانی ڕەجایی شار، کەسێک لە زیندانی مەهاباد، ٢ کەس لە زیندانی نەغەدە و زیندانییەکی سیاسیی لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ.

بەگشتی ئەوەیکە لەم ئامارانەدا دەردەکەوێ ئەو ڕاستییەیە کە هەنووکە ئێران بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بۆ هەموو ئەویترێک کە شوناسیکی جیاواز لە شوناسی پەسندکراوی دەزگای ویلایەتی هەیە زیندانێکە بە توندترین و سەختترین سزاکانەوە.

## پەیڤ

### ساڵەکان و ژمارەکان

کەریم پەرویزی

زۆرجار لە لێکدانەوە و باسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، ژمارەکان بە جۆرێک دەردەچن کە ڕەنگە بیر و هزر بەلای ئەوەدا بکێشن کە ڕەنگە شتێکی سەیر و جێگای سەرسووڕمان ڕوو بدەن.

بۆ وێنە گەر ڕێکەوتی ڕۆژ و ژمارەی مانگەکە یان لە حاڵەتێکی تایبەتدا ژمارەی ساڵەکەش وەکوو یەک دەر دەچن، شتەکە سرنجڕاکێشتر دەبێ و چاوەڕوانیی ڕووداوی سەیر لە مێشکی مرۆڤدا درووست دەبێ. بۆ وێنە پێت وایە کە ڕۆژی ١٠ لە مانگی دە سەیرە یان گەر ڕۆژی نۆ و مانگی نۆ لە ساڵی نەوەد و نۆ گەیشت ئیدی ئەگەری ڕووداوی سەیر زۆر دەبێ.

ئەمانە لە مێشکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن کە ژمارە و ڕێکەوت و ڕێکوپێکیی ژمارەکانی بەلاوە سەیرە و لە سەرتاسەری مێژوودا مرۆڤ لە کۆمەڵگای جیاوازدا تەنانەت هەندێ ژمارەی پێ پیرۆز بووە و تەنانەت هەندێ ژمارەشی بە وەیشوومە ناو بردووە!

بەڵام ساڵێک کە تازە دەستی پێ کردووە، واتە ساڵی ٢٠٢١ی زایینی ساڵێکی گرنگ و چارەنووسسازە؛ نەک لەبەر ئەوەی بیست و بیست و یەک وەداوی یەک کەوتوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ساڵانی ڕابردوو هەندێ شت ڕوویان داوە و لەمساڵدا کاتی دەرکەوتنی هەندێ لە ئاکامەکانی دەگا و لە ڕاستیدا ئیمکانی دەرکەوتنی ئاکامەکان و کاریگەریی ڕووداوەکانی پێشوو زۆرتر دەبێ.

لە لایەکی دیکەوە، کاتی هاتنەئارای هەندێ بڕیار و یەکلاکردنەوەی هەندێ پرس، بەتایبەت لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە دەگات کە وای لێ دەکا، ساڵی داهاتوو، ساڵێکی گرنگ و سرنجڕاکێش بێ.

لە ساڵی داهاتوودا، دوای بڕیارە ستراتێژیکەکانی ئامریکا بۆ چۆنیەتیی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی لە جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕەنگە هەندێ لە ململانێ و گۆڕینی باڵانسی هێزەکاندا بەرەو ڕوونبوونەوەی سنووری ململانێکان بڕۆن و هەمووکات لە سنووری شتەکاندا ئاڵۆزی دێتە پێش!

لە لایەکی دیکەوە ململانێ و کێشەی نێوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژاوا و هەروەها چارەنووسی هەندێ لە کێشەی دەسەڵات و ململانێی هێز لە ئاستی نێوماڵی سەرانی ڕێژیمدا، کە لە سناریۆی سەرۆککۆماریی ڕێژیمدا

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی پێشانگای شەهیدانی کرد



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی پێشانگای شەهیدانی کوردستانی کرد و لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانی نوێ کردەوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی بەفرانباری ٢٧٢٠ی کوردی، «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی پێشانگای شەهیدانی کرد و سپاسی هاوڕێیانی بەشی شەهیدانی کرد کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەم پێشانگایەیان نۆژەن کردووەتەوە.

ناوبراو لەو سەردانەدا بۆ پێشانگای شەهیدانی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمان و بەڵێنییان نوێ کردەوە کە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو شەهیدانە، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بین.

«هیجری» تایبەتی دەستخۆشی لە هاوڕێیانی بەشی شەهیدان کرد کە هەوڵێکی زۆریان بۆ ئەم پێشانگایە ئەنجام داوە.

## بەشی شەهیدانی حیزبی دێموکرات ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە



بەشی شەهیدانی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

ئاگاداری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، کادر و پێشمەرگە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهیدەکانمان دەکەینەوە کە بەشی شەهیدان، پێشانگای وێنەی شەهیدانی نۆژەن کردووەتەوە و شوێنێکی تایبەتیشی بۆ پاراستنی کەلوپەلی شەهیدان تەرخان کردووە، هەر بۆیە لەم سۆنگەوە داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە هەر کەسێک یادگارییەکی شەهیدی لایە بینێرێت بۆ بەشی شەهیدانی حیزب بۆ ئەوەی لەم شوێنە تایبەتە بپارێزرێت.

**لەگەڵ ڕێزماندا**
**کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەشی شەهیدان**
**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارەوە:**
**بەشی شەهیدان ٠٠٩٦٤٧٥٠٨٨٦٢٠٦٥**

## هەشتەمین دەورەی سیاسی، ئاستی دوو بەشی یەکەم بەڕێوە چوو





دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەشتەمین دەورەی ئاستی دوو بەشی یەکەم تایبەت بە پێشمەرگەکانی بەڕێوە برد.

ئەم دەورەیە ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی دەستی پێکرد و ڕێکەوتی ٧ی بەفرانبار کۆتایی پێهات.

لەو دەورەیەدا کۆمەڵێک وانەی سیاسی پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرا کە بریتی بوون لە:

«بەرنامە و پەیڕەوی حیزب، مێژووی حیزب، ئامانجی دوارۆژ، فێدرالیزم، دێموکراسی، پرسی بەرابەریی ژن و پیاو، ساختار و سیاسەتەکانی ڕێژیم، ڕیتۆریک، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، ڕێنووسی کوردی، کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاسان».

ئەم دەورەیە ٣٧ ڕۆژی خایاند کە سەرجەم ١٢٤ کاتژمێر وانە بە بەشداربووان وتراوەتەوە و بۆ بەشێکی وانەکان تاقیکاری بەڕێوە چووە.

لەو دەورەیەدا چەندین بەشداربوو پلەکانی یەکەم تا سێیەمیان بەدەست هێناوە کە بریتین لە:

- پلەی یەکەم، «پێدرام سلێمانی»
- پلەکانی دووەم، «مۆعید مورادی» و «مەحبووبە ئیبتکار»
- پلەی سێیەم، «خەلیل کلووکانلوو»

جێگەی ئاماژەیە کە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی زیاتر بە کاری پەروەردە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە ئەرکدار کراوە کە بە میتۆد و شێوازی نوێ و شێلگیرانە کاری پەروەردەیی بەڕێوە ببات و هەشتەمین دەورەی ئاستی دوو بەشی یەکەم ئاکامی ئەم بەرنامەیە کە بۆ پێگەیاندن و بارهێنانی زیاتری ئەندامانی حیزب داڕێژراوە.

# سێ لایەنی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئێران، کوشتاری خەڵکی بەلووچستانیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە مەحکووم کرد







شورای دیموکراسیخوازانی ئێران، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا لە بەیانییەکی هاوبەشدا بڵاویان کردووەتەوە کە پشتیوانیی ئاشکرای ڕێژیم لە کار و کردەوەی کاربەدەستانی دەستنیشاندەی خۆی لە ناوچەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تێکدانی سروشتی ئەو ناوچانە بە مەبەستی سڕینەوەی شوناس و مێژووی ئەو نەتەوانەیە.

لەو بەیانییەدا هاتووە، لە ماوەی حەتووی ڕابردوودا ١٠ هاووڵاتیی بەلووچ، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە ڕاستەوخۆ تەقەیان لێکرا و کوژران. لە ٧ زیندانیی بەلووچ کە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە سێ کەسیان بە ناوەکانی «بێهنام ڕیگی، شوعەیب ڕیگی و عەبدولباست خشت» ئێعدام کران و لە چارەنووسی «حامید ڕیگی، جاوید دێهقان خۆلەد، ئەلیاس قەلەندەر زەهی و حەسەن دێهواری» زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

لە کۆتایی ئەو بەیانییەدا هاتووە، شورای دیموکراسیخوازانی ئێران، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەیکە دژی ئێعدامی هەر مرۆڤێکە، داواش لە خەڵکی بەلووچستان دەکات بە هاودڵی و یەکیەتی دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بووەستنەوە.

# دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیم بە بڕینی دارەکان ژینگە تێک دەدەن



چەند کەسی سەر بە ڕێژیم بە هاوکاریی دێهیاریی یەکێک لە گوندەکانی «چۆمی مەجیدخان» دارەکانی ئەو گوندەیان بڕیوە.

لە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان» لە شاری بۆکان دێهیاری یەکێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە بە هاوکاریی کەسێک کە سەر بە ڕێژیمە دارەکانی قەراغ چۆم و نێو چۆمەکەیان بڕیوە کە ئەو دارانە موڵکی گشتین.

ئەو کەسانە دارەکانیان فرۆشتووە و شوێنی دارەکانیشیان هەموو کردووەتە مەزرا کە خەڵکی ئەو گوندە پێیان ناخۆش بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دێهیاری گوندەکە دەستی تێدا هەبووە نەیانوێراوە هیچ ناڕەزایەتییەک دەربڕن.

ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای دەستوپەیوەندییەکانیەوە بەردەوام هەوڵ بۆ تێکدانی سروشت و کاولکردنی ژینگە و هەروەها داگیرکردن و تاپۆکردنی ملکی گشتیی خەڵک دەدات.

لەمبارەوە سەید «نەجمەدین حەیدەری» یەکێک لە پیرەکانی گەورەی ئایینی یارسان لە نامەیەکدا داوای لە پێڕەوانی ئەو ئایینە کردووە کە پێکەوە بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی ژینگە هەوڵ بدەن.

ناوبراو لەو نامەیەدا ڕوو لە پێڕەوانی ئایینی یاری بڵاوی کردووەتەوە: «داوا لە هەمووتان دەکەم لە پاراستنی هەموو باخات، وەرزێڕی، سیستمی ئاودێری، ژینگە و دارستانەکانی ناوچەدا هەوڵ بدەن و سەرەڕای ئەوەیکە لە زیان پێگەیاندن و تێکدانی ژینگە خۆ بپارێزن هەوڵ بدەن ژینگەش بپارێزن».

داواکاریی ناوبراو بۆ پاراستنی ژینگە هەوڵێکە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستاندا. ڕێژیمی ئێران ساڵانە بەئەنقەست دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان ئاگر تێبەر دەدات و زیانێکی زۆر بە سروشتی کوردستان دەگەیەنێت.

پێویست بە ئاماژەیە کە ساڵانە چالاکانی ژینگەپارێز لە کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی ڕێگری کردن لە پاکتاوی ژینگەیی کوردستان دەدەن کە یەکێک لە نموونەکانی هەڵمەتێکە لەژێر ناوی زاگرۆسانە کە تێیدا بە چاندنی بەڕوو لە ناوچە جۆراوجۆرەکان هەوڵ بۆ پاراستنی ئەم سامانە نیشتمانییە دەدرێت.

# دوو چالاکی ئەدەبی خەڵاتی «باشوور»یان بەدەست هێنا

«زاهیر سارایی» و «فەرهاد شامورادیان» دوو شاعیر و چالاکی بواری ئەدەبی خەڵاتی ساڵانەی «باشوور»یان بەدەست هێنا.

ناوەندی فەرهەنگی و چاپەمەنیی «باشوور» بۆ تەرخانکردنی ئەو خەڵاتە لەنێو ٥١ کەسی قەڵەم بەدەستی کورد لە بوارەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی ڕاخوازیی کردووە.

ناوەندی «باشوور» لە نێوان شارەزایانی ئەدەبیی پارێزگاکانی سنە، ئیلام و کرماشان ڕاپرسی کردووە.

خەڵاتی ئەدەبیی « باشوور» ماوەی دوو ساڵە لە بواری ئەدەب و فەرهەنگی کوردی چالاکیی هەیە.

# ڕاگەیەندراوی کۆتاییهاتنی هەڵمەتی «زاگرۆسانە» لە ڕۆژهەڵات



دەستەی بەڕێوەبەریی «زاگرۆسانە» بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، کۆتاییهاتنی ئەم هەڵمەتە ژینگەییەی ڕاگەیاند کە زۆرتر لە ٧٠ گرووپ و ڕێکخراو تێیدا بەشدار بوون. لە بەشێکی ئەم ڕاگەیەندراوەدا سپاسی هەموو بەشداران و چالاکانی ژینگەیی کراوە کە بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەیان تێدەکۆشن. دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە بەم چەشنەیە:

«ئەم نیشتمانە بە باڵای زاگرۆسەوە جوانە» ئەو دروشمە بوو کە بەشێکی بەرچاو لە گرووپ، ڕێکخراوە و ژینگەدۆستانی کۆ کردەوە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکی بەربڵاوی ژینگەیی. پشتیوانیی هەموولایەنەی خەڵک و ڕێکخراوەکان هیوا و بینێکی پێ بەخشین تاکوو لە ساڵانی داهاتوودا ئەم هەڵمەتە بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە بەڕێوە بچێت و ببێت بە نەریتێکی ساڵانە لەنێو هەموو دانیشتووانی زاگرۆسی دەلال. سەربەرزین کە ڕادەگەیەنین هەڵمەتی زاگرۆسانە کە بە مەبەستی ڕێکخستنی ژینگەپارێزان و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ وشیاری لەهەمبەر ژینگە و هەروەها پەرەدان بە فەرهەنگی ژینگەپارێزی ڕێک خرابوو، توانی لە ماوەی کاریی خۆیدا بەشێکی بەرچاو لە ئامانجەکانی دەستەبەر بکات.

هەروەک لە بانگەوازی زاگرۆسانەدا ئاماژەی پێدراوە، ژینگەی ناوچەکە و دارستانەکان ساڵانێکە کەوتوونەتە بەر هێرشی نەیارانی ژینگە و نیشتمان و وا دەردەکەوت داهاتوویەکی ڕەش و نادیار لە چارەنووسی زاگرۆسدایە. ژینگەپارێزان بە هەستکردن بەم مەترسییانە کە بەرەوڕووی ژینگەی نیشتمان بوونەتەوە هەر لە ساڵانی ڕابردوودا خۆبەخشانە خۆیان ڕێک خست و لە چوارچێوەی ڕێکخراو یان بە تاکەکەسی بەرەوڕووی نەیارانی ژینگە و نیشتمان بوونەتەوە. هەر بۆیەش هەڵمەتی زاگرۆسانە هەنگاوێک بوو بۆ ژیانەوەی زاگرۆس و دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو بەرەنگارییە کە لەم ساڵانەدا لەهەمبەر نەیارانی ژینگە ڕوویداوە بخوێندرێتەوە. وێڕای ئەمە بۆ زیاتر ئاشناکردنی خەڵک و تێکەڵاویی زیاتری خەڵک لە هەموو شار و دەڤەرەکانی زاگرۆس بە پرسی ژینگە و ژینگەپارێزی، لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە زاگرۆسانەی ئەمساڵ کە بە بەشداریی فراوانی خەڵک و زیاتر لە ٧٠ گرووپ و ڕێکخراوە و سەدان چالاکی مەدەنی بەڕێوە چوو، ئەمساڵ و لەم قۆناغەدا کۆتایی بە کارەکانی خۆی دەهێنێت؛ بەو هیوایە ساڵانی تر بە گوڕوتینێکی زیاترەوە ئەم هەڵمەتە بەڕێوە بچێت. دەستەی بەڕێوەبەریی زاگرۆسانە سپاسی هەموو ئەو تاک و ڕێکخراوانە دەکات کە بە دڵئاوەڵاییەوە بەرەو پیری زاگرۆسانەوە هاتن و سەلماندیان هەموو کات وشیار و لەسەرهەستن بۆ پارێزگاری لە ژینگەی نیشتمان.

زاگرۆسانە بەردەوامە...

## درێژەی پەیڤ

خۆی دەردەخا، ڕەنگە لە سەر چارەنووسی ڕێژیم کاریگەریی دیاری هەبێ.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، کاریگەریی بێکاری و دابەزینی نرخی نەوت و تێکشکانە ئابوورییەکان دوای پەتای کۆرۆنا، لە ساڵی داهاتوودا، کاریگەرییەکانیان زیاتر لە ناوچە دەردەخەن و ڕەنگە وەکوو دوای زۆر پەتا و بێکاری لە مێژووی جیهاندا، تۆفانێکی دیکە هەڵ بکا و گێژەڵووکەی ڕووداوەکان زۆر چارەنووسی چاوەڕواننەکراو وەدی بێنن.

ئەوەندەی لەسەر ئێمەیە، لە ناوچەیەکی ستراتێژیکدا و لە جوغرافیایەکی تەنراو لە ئاڵۆزیدا، چۆن خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین و چ مۆرکێک لە ڕووداوەکان دەدەین؟

# فیزیکدانێکی کورد لە کانادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا



پرۆفیسۆر «ئیبراهیم کەریمی» فیزیکدانی ناودار و ناسراوی بەشی فیزیک توانی میداڵی «هێرتزبێرگ» بەدەست بێنێت.

پرۆفیسۆر «کەریمی» خەڵکی شاری سەقز سەر بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

ناوبراو پێشتر توانیبووی دوو خەڵاتی «بونیادی داهێنانی کانادا و جان ئیوانز» بەدەست بێنێت.

ناوبراو هەروەها خوێندکاری سەرکەوتووی زانکۆی «ناپۆل»ە و لە بواری «ئۆپتیکی کۆوانتۆمی» دەرسی خوێندووە.

بیاڤی کاری پرۆفیسۆر «کەریمی» کۆوانتۆم ئۆپتیک و کۆنتوام ئینفۆرمەیشن»ە.

## مستەفا هیجری:

# ئێمە پێمانوایە ئەمڕۆ ئەو یەکگرتنەوە بۆ بەهێزکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا پێویستە و بۆ ئەمەش هەنگاو دەنێین



**خوێنەرانی ئازیزی «کوردستان»**
**لە ڕۆژانی ڕابردوودا تەلەفزیۆنی «ڕووداو» وتووێژێکی لەگەل بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێک هێنا کە تێیدا هەندێک باس و خواستی پێوەندیدار بە کورد و حیزبی دێموکرات ورووژێندرا.**
**بەهۆی گرینگی باسی ئاماژەبۆکراو لێرەدا دەقی تەواوی ئەم وتووێژە دەخرێتە بەر چاو و دیدی ئێوەی ئازیز.**

**لە ساڵی نوێی زایینیدا پلانی حدکا زیاتر چی دەبێت؟**

کار و تێکۆشانی حدکا وەکوو پێشوو بەردەوامە لە چوارچێوەی ڕاساندا؛ بەڵام بەشێکیشی بەستراوەتەوە بەوەی کە بزانین ئاڵوگۆڕەکان چۆن دەبن و هاتنی بایدن وەک سەرکۆماری نوێی ئەمریکا و پلانەکانی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەنیسبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران، چییە؟ ئەوانە کاریگەرییان لەسەر بەرنامەکانی ئێمە دەبێ. مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم چاوەڕوانین تاوەکوو بزانین ئەوان چی دەکەن، بەڵکوو ئێمە ئاڵوگۆڕەکانی دەرەکی وەکوو فاکتەرێک لەبەرچاو دەگرین، بەڵام بنەمای کاری ئێمە لەسەر کار و تێکۆشانمانە لەسەر ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هەروەها گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا. بەرنامەکانی ڕاسان وەکوو ڕابردوو دەچێتە پێش و هیوادارم دەرفەتێکی باشتر بۆمان بێتە پێش بۆ پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی تێکۆشانمان لە هەموو بوارێکدا.

**ئەو دەرفەتە گرێدراوی پرسە دەرەکییەکانە یان مەبەستتان ناوخۆی ئێرانە؟**

هەم لەنێو ئێران و هەم لە دەرەوە، چونکە لەنێو ئێرانیشدا چاوەڕوان دەکەین کە بە هاتنی بایدن زۆر شتی نوێ ڕوون ببێتەوە لە ئێراندا، لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنییەتی مامەڵەکردنی بایدن و حکومەتەکەی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. لە دەرەوەش دراوسێکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگن کە هەڵوێستیان لە بەرامبەر پرسی کورددا چۆن دەبێت، وەکوو تورکیا و بەغدا، ئەوانە گرنگن، ناکرێت ئەوانەش لەبەرچاو نەگرین وەکوو سیاسەتێکی گشتی لە ناوچەکەدا.

**لەو باوەڕەدان کە جەو بایدن لە بەرامبەر ئێران هەندێک نەرمی نیشان بدات؟**

من لەو باوەڕەدام کە جەو بایدن دەتوانێت ئەو خاڵانەی کە لە سەردەمی ترامپدا وەک سیاسەتی ئەمریکا ڕاگەیەندراون بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا لەچاو ئەوکاتەی کە بەرجام دەستی پێکرد بۆ وتووێژکردن زۆر لاوازتر بووە و زۆر خاڵی گرنگی لەدەستداوە، بۆیە ناچار دەبێت مل ڕاکێشێت بۆ داخوازییەکانی بایدن و بێگومان بایدنیش لەو لاوازبوونەی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەردەگرێت بە قازانجی بەرژەوەندیی ئەمریکا کە سیاسەتەکانی خۆی باشتر لە ناوچەکەدا بباتە پێشەوە کە ئەوەیکە ڕایانگەیاندووە دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە بەرنامەی ناوکیی ئێران، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ کە کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕش بەردەوام بووە و هەروەها هەڕەشەنەکردن لە دۆستانی ئەمریکا کە لە سەرەوەی هەموویان ئیسرائیلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پرسێکی دیکە کە گرنگە، پاراستنی مافی مرۆڤە لە ئێراندا کە ئەویش لە داخوازییەکاندا هەیە. ئەوانە

> **جەو بایدن دەتوانێت ئەو خاڵانەی کە لە سەردەمی ترامپدا وەک سیاسەتی ئەمریکا ڕاگەیەندراون بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا لەچاو ئەوکاتەی کە بەرجام دەستی پێکرد بۆ وتووێژکردن زۆر لاوازتر بووە و زۆر خاڵی گرنگی لەدەستداوە**

دەتوانن خاڵی گرنگ بن کە پێموابێت ئەگەر ئەمانە جێبەجێ ببن، ڕەنگە بایدن گەمارۆکان لەسەر ئێران سووک بکات لە سەرەتادا، دواتر کە چۆن دەچێتە پێشەوە، ئایا هەموو گەمارۆکان لادەچن یان نا، نازانم، بەڵام ئەوە بۆ خۆی کارێکی زۆر گرنگە.

**نەمانی گەمارۆ لەسەر ئێران ڕەنگە ئەزموونی ئۆباما دووبارە بکاتەوە، زۆر کەس پێیوایە کابینەی بایدن خولی سێهەمی ئۆبامایە. کاتێک ئەزموونی ئۆباما و ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەبوو ئێران بەهێز بوو، پارەیەکی باش دەکەوتە دەستی و باڵی بەسەر هەموو ئەم ناوچەیەدا کێشابوو. ئەوکات ئێوە ڕاسانتان ڕاگەیاند، ئەگەر ئەزموونی ئۆباما دووبارە ببێتەوە لە سەردەمی بایدندا ئێوە چی دەکەن؟**

> **تیرۆرکردنی بەرپرسێکی گەورەی تاڵیبان لە تاران، کوژرانی فەخریزادە لە تاران کە بەرپرسێکی ئەتۆمی بوو یان بردنە دەرەوەی دەوروبەری ٥٠ هەزار بەڵگەی گرێدراوی بەرنامەی ناوکی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەوانەی دەرخست کە سوپای پاسداران یەکگرتوو نییە، لەنێوانیاندا قەڵشێک هەیە، چونکە ئەو کارانە بەدەستی پاسدارێکی سادە یان بە سیخوڕێکی پاسدار جێبەجێ نابێت**

پێموابێ لەگەڵ ئەوەیکە دێموکراتەکان بەگشتی سیاسەتێکی گشتیی دیاریکراویان هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکان لەو ماوەیەدا یەکجار زۆر قووڵن بەنیسبەتی پرسی ئێران. ئەوکات کە وتووێژیان دەکرد کۆماری ئیسلامی هەندێک بەهێز بوو، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەچووە پێش و خەریک بوو میلیشیاکانی بەهێز دەکرد و نفووز و دەسەڵاتی خۆی پەرەپێدەدات. وەکوو ئاماژەتان پێ دا، داهاتێکی باشی نەوتی هەبوو کە دەیتوانی کەڵکی لێوەربگرێت بۆ بەهێزکردنی میلیشیاکان لە وڵاتانی دراوسێ و پرسێکی دیکەی زۆر گرنگ کە لەم ماوەیەدا ڕووی دا، پرسی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبییە، ئەگەرچی تاوەکوو ئێستا هەموو وڵاتانی عەرەبی ئەو ڕێککەوتننامەیان واژۆ نەکردووە، بەڵام ئێستا دەردەکەوێت کە وردە وردە بەرەو ئەو سیاسەتە دەچن. ئەوە پرسێکی زۆر گرنگە کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سنوورەکانی وڵاتانی عەرەبیدا لەگەڵ ئەمنییەتی ئیسرائیل ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بارودۆخی ناگۆرنۆ-قەرەباخ! ئەوەش بۆخۆی فاکتەرێکی گرنگە کە ئێران دوای ئەرمەنستان لەوێدا دۆڕاوی سەرەکی بووە. گرنگتر خاڵێکی گرینگی دیکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ڕۆڵی خەڵکی ئێرانە لە ناوخۆی وڵاتدا کە لە ماوەی ئەو چوار پێنج ساڵەی ڕابردوودا چەندین ڕاپەڕینی زۆر گەورەیان ئەنجام دا و دەرکەوت کە بێزاریی خەڵک زۆر زیاتر بووە. هەروەها درزی نێوان لایەنەکانی حکومەت زۆر گەورەتر بووەتەوە. ئەگەر باسی سوپای پاسداران بکەین کە تاوەکوو ماوەیەک پێش کۆماری ئیسلامی وایدەنواند کە هێزێکی یەکگرتووە، بەو کارانەی کە گوایە ئیسرائیل لە ناوخۆی وڵاتدا کردوویەتی یان هەر لایەنێکی دیکە کردوونی، دەردەکەوێت سوپای پاسداران ئەو یەکگرتووییەی نییە کە باسی دەکرد بەڵکوو لە ناو خۆیاندا نارەزایەتی هەیە، تیرۆرکردنی بەرپرسێکی گەورەی تاڵیبان لە تاران، کوژرانی فەخریزادە لە تاران کە بەرپرسێکی ئەتۆمی بوو یان بردنە دەرەوەی دەوروبەری ٥٠ هەزار بەڵگەی گرێدراوی بەرنامەی ناوکی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەوانەی دەرخست کە سوپای پاسداران یەکگرتوو نییە، لەنێوانیاندا قەڵشێک هەیە، چونکە ئەو کارانە بەدەستی پاسدارێکی سادە یان بە سیخوڕێکی پاسدار جێبەجێ نابێت، بەڵکوو لە ئاستی سەرەوەدا دەستیان هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانە کە ئەو بەرنامانەیان هەیە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەم ڕۆژانەدا تەنانەت لە قوم کە ئاخێزگەی فیقهی شیعەی ویلایەتی فەقیهی بەتایبەتییە، نارەزایەتی لەنێوان ئایەتوڵڵاکاندا زیاد بووە، مەبەستم ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی زۆر زۆر لاواز بووە و لە واقیعدا ناچار دەبێت مل ڕاکێشێت بۆ خواستەکان.

**یانی ئێوە چاوەڕوان ناکەن ئەزموونی ئۆباما دووبارە ببێتەوە؟**

پێموابێت ئەزموونی ئۆباما لەوبارەیەوە دووبارە دەبێتەوە کە ئەگەر ترامپ بە تەنیا لە دژی کۆماری ئیسلامی بەرنامەکانی بەڕێوە دەبرد، بەڵام دێموکراتەکان و بەتایبەت بایدنیش ڕایانگەیاندووە، دووبارە دەیهەوێت لەگەڵ هاوپەیمانە جیهانییەکانیان ئاشت ببێتەوە، بە یارمەتیی هەموویان گەمارۆ و گوشاری زیاتر بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیکە ویست و داخوازییەکانی ئەوان جێبەجێ بکات.

**ئەگەر ڕێککەوتن کرا و گەمارۆکان نەمان، ئێوە ڕاسان و خەباتی چەکداری بەردەوام دەکەن یانیش دەکەونە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟ بەگشتی باوەڕتان بە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ماوە؟**

ئێمە وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسی ناتوانین وتووێژ لە هیچ قۆناخێکدا ڕەت بکەینەوە، چونکە کاتێک ویست و داخوازییەکانمان پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵە، مادام دەمانهەوێت لە چوارچێوەی ئێراندا دەستکەوتەکانمان دەست بکەوێت، ناتوانین وتووێژ لەگەڵ تاران ڕەت بکەینەوە. ئەوە بەم مانایەش نییە کە پێمانوابێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داخوازییەکانی ئێمە دابین دەکات، بەڵام دەبێت ئێمە لە هەموو ڕەهەندەکان کە دەتوانین بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکەین. وتووێژ یەکێکە لەو ڕەهەندانە، تەنانەت ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە هیچمان لە دانوستاندن دەست ناکەوێت.

ئێمە نامانهەوێت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەکوو حیزبێک دەرکەوێت کە ئامادە نییە کێشەکانی بە وتووێژ چارەسەر بکات، بەڵکوو بە تەنها دەیهەوێت بە شەڕ و بەربەرەکانێ و زەبر بیکات.

**لە ساڵی ٢٠٢١دا خەڵک یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات دەبینێت؟**

پێشبینی و کات دیاریکردن بڕێک زەحمەتە لە ٢٠٢٠دا، بەڵام تێکۆشانی ئێمە هەر بەردەوامە بۆ ئەوەیکە بتوانین بەو ئاواتە، کە ئاواتی خەڵکی کوردە لە هەموو بەشەکاندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بگەین.

**ئاستەنگەکان چین لەبەردەم دانوستاندنەکانتان کە ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢١دا یەکنەگرن؟**

من واتێگەشتم مەبەستتان ٢٠٢٠ـە!

**نا، مەبەستم ٢٠٢١ە.**

ئەگەر لە ٢٠٢١دا یەکنەگرین، ئیدی تازە یەکناگرینەوە و تەواو دەبێت. وردەکاری ماون، دەبێت کاری لەسەر بکرێت.

**لەسەر کاتی یەکگرتنەوە ناتوانن شتێکمان پێبڵێن؟ چونکە خەڵک ناپرسێت کێشە لەسەر چییە و وردەکاری چین، خەڵک دەڵێت ئێوە کەی یەکدەگرن، بەڕاستی ئێوە کەی یەکدەگرن؟**

منیش نامەوێت لێرەدا قسەیەک بکەم کە لەگەڵ خەڵکی کورد ڕاستم نەگوتبێت، بۆیە ناتوانم ڕێکەوتێک دیاری بکەم، چونکە باسی دوو لایەنە، یەک لایەن نییە بۆیە دیاریکردنی ڕێکەوتێکی دیاریکراو بە دروست نازانم.

**هەست بە سستبوونی لایەنی دیکە ناکەن، هیچ سستبوونێک لەو ماوەیەدا دروست نەبووە؟**

سستبوونێکی تێدا نابینم و هەردوو لایەن جیددین.

**ئەگەر لەسەر کات نەتوانن بە دیاریکراوی شتێکمان پێ بڵێن، دەتوانن پێمان بڵێن کە یەکگرتنەوەتان ١٠٠٪ـە؟**

١٠٠٪ لە کاری سیاسیدا زۆر زەحمەتە. ئێمە دەتوانین ئەوە بڵێین، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئێمە جیددین، چونکە پێمانوایە ئەمڕۆ ئەو یەکگرتنەوە بۆ بەهێزکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا پێویستە و بۆ ئەمەش هەنگاو دەنێین، بەڵام بەڵێنی ئەوەیکە ١٠٠٪ بێت، نازانم! چونکە بەشێکی پەیوەستە بە لایەنێکی دیکەوە.

**خەڵکیش دەڵێت، پێویستە یەک بگرنەوە و دەبێت یەک بگرنەوە. خەڵک دەڵێت، نازانین یەکدەگرنەوە یان نا. ئێوە سەرکردەن، سەرکردە چی دەڵێن بۆ ئەو خواستەی خەڵک، بەڕاستی ئێوە ناتوانن بە خەڵک بڵێن یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات ١٠٠٪ـە؟**

ناتوانم بڵێم ١٠٠٪ـە، چونکە دەمهەوێت لەگەڵ خەڵکەکەی خۆم ڕاستگۆ بم، بەڵام ئەمە دەڵێم کە ئێمە بە جیددی بەدوای ئەو پرسەداین.

**لەلایەن حدکاوە ١٠٠٪ـە؟**

لەلایەن حدکاوە بەڵێ، ئەگەر لایەنی دیکەش باش بێتە پێش، بەڵێ لەلایەن ئێمەوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٠٠٪ـە.

# کورد و ئێران لە دوورەدیمەنەی هزری ڕێبەرانی نەمر

ئەلبورز ڕۆئین تەن

بەشی یەکەم

### لە بری پێشەکی

نەمران پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی سێ ڕێبەری ناوداری کورد لە سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێن کە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر بزاڤی ڕەوای گەلەکەمان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات هەبووە. لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی سیاسی و هزر و ئەندێشەیان و چۆنیەتی ڕێبەری کردنی خەباتی ئازادیخوازی گەلەکەمان گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکە بەو لێوردبوونەوەیە وێڕای ئەزموون لە ڕابردوو دەتوانین هۆکاری شکست و سەرکەوتنەکانیان بخەینە بەر باس تا ببن بە وانە بۆ داهاتوو، بە تایبەتی ئەو کەسایەتییانە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بوون کە ئێستاش لە گۆڕەپانی خەباتدا شوێندانەرییان بەردەوامە. لەلایەکی دیکەوە بەو شێوەیە شەنوکەوکردنی مێژوو وەک یەکێک لە بنەماکانی دروست کردنی بڕیار بۆ سبەی کە پێویستییەکی هەمیشەیی کوردە ڕەچاو دەکرێت. هەروەها نابێ لە بیرمان بچێت کە لێکدانەوەی مێژوو بە زانیاری و ئاوەزی ئەمڕۆ ناتوانێ تابلۆیەکی ڕوون لەو مێژووە بە ئێمە بدات؛ بەڵکوو لێکدانەوەی ئەو مێژووە دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی ئەو کات بێت. ڕێبەرانی سیاسیش لە کاتی جیاوازدا گۆڕانکاری بە سەر بیرکردنەوەیاندا دێت، چونکە دۆخی سیاسی و خەبات بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە و ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەرییان لە سەر بیرکردنەوەیاندا هەیە. بێگومان مرۆڤی ئاوەزمەند و بەتایبەت سیاسەتوانانی لێهاتوو کە هێڵە فکرییەکانی خۆیان بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستییەکانی سەردەم گۆڕانکاری بە سەردا دێنن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئامانجی دیاریکراو بگەن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە گۆڕانکاری لە تاکتیک بۆ باشتر گەیشتن بە ئامانجی ڕەوا لێرەدا مەبەستە نەک ئەوەی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک لە بیرو هزری سیاسی و تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگایەک بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕەوا و ئاسایی بزانین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە لەو بابەتەدا نوسین و گوتاری ئەو سێ ڕێبەرە کاریگەرە لە سەر بزاڤی گەلی کورد لە دوایین ڕۆژ و ساڵەکانی ژیانیاندا دەخەینە بەر باس چونکە هزری ڕێبەران لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانیان وێڕای ئەوەی پێویستیی هەلومەرجی ئەو کات دەخاتە ڕوو بەڵکوو وەک بەرهەمی ئەزموونی ڕابردووشیان هەژمار دەکرێت؛ هەروەها گریمانەی ئەوەیکە ڕوانگەی ئەوان بۆ ئەمڕۆ چی بووە باشتر دەردەکەوێت. هەروەک گووتم گریمانە چونکە بە هیچ شێوەیەک بە دروست نابینم کە بڵێم ئەوان بۆ ئەمڕۆ ئاوا بیریان دەکردەوە. شیکردنەوەی گوتاری دوایین ساتی ژیانی ئەو ڕێبەرانە بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمڕۆ وەک یەکێک لە وانەکانی مێژوو بۆ دووبارەنەکردنەوەی هەنگاوەکانی کە دەبنە هۆی شکست و هەروەها ناسینی زیاتری ئاوەزی دوژمنانی بزاڤی ڕەوای گەلی کورد پێویستە.

بۆ شیکردنەوەی ئەو بەشە لە هزری ڕێبەران کە لە ساتەکانی کۆتایی ژیانیاندا تۆمار کراون بە گوێرەی توانا بەڵگە پێوەندیدارەکان بە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی سەرکۆمار پێشەوای نەمر دەخەینە ڕوو و هەروەها کەڵک لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشت و دوایینلێدوانەکانی دوکتور قاسملوو لە میدیاکان و هەروەها ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی نۆیەم و دوایین لێدوانەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان وەردەگرین.

### پێشەوا قازی محەممەد، تەسلیمبوون یان فیداکاری لە پێناو ئامانج؟

یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێبەرایەتی پێشەوا لە سەردەمی کۆماری کوردستان وێڕای بەڕێوەبردنی کۆمار وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەری گرفتەکان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بوو، بۆ دابینکردنی ئەو ئاشتییەش چەندین جار سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ وەفدی حکومەت لە شوێنی جیاوازدا دانوستاندنیان کرد. مەبەستی پێشەوا لە وتووێژ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانەوە بوو، کە لە هەر ڕێبەر و مرۆڤێکی خاوەنی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانەدا، چاوەڕێ دەکرێ. لە بەرانبەردا وتووێژ بۆ دەسەڵاتدارانی تاران تەنیا بەمەبەستی کڕینی کات بۆ دانانی پلانی هێرش و لەنێوبردنی خەبات و ڕێبەرانی ئەو خەباتە هەژمار دەکرا هەر بۆیەش بە ئاکام نەگەیشت، ئەوە جاری یەکەم و دوایی نەبوو کە دوژمنی گەلی کورد لە لاوازیدا لە تاکتیکی وتووێژ بۆ کڕینی کات و دانانی پیلانی سەرکوت کەڵکیان وەردەگرت. هەر بۆیەش هەر وتووێژێک لە ئێستا و داهاتوودا لە سەر پرسی کورد دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە ئەنجام بدرێت کە مەبەستی دوژمنان لە وتووێژ چارەسەری نییە بەڵکوو خۆڕێکخستنەوە بۆ هێرشێکی سەرکوتکەرانەی دیکەیە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە زۆرجار بەئەنقەست و زۆرجاریش بە بێ زانیاری باس لە خۆ تەسلیمکردنەوەی پێشەوای نەمر دەکرێت، دەکرێ ئەو بابەتە وەک ڕەخنەیەک ئاراستە بکرێت بەڵام پێوستە چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو بڕیارە بە باشی شی بکرێتەوە. لە یادداشتەکانی ئەحمەد عەبدوڵا پشدەریدا کە خۆبەخشانە لە باشووری کوردستانەوە بەشداری کۆماری کوردستانی کردبوو هاتووە:

«لە مانگی تەمووزی ١٩٤٦دا چەند نوێنەرێکی حکومەتی تاران بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ فیرووز هاتنە مەهاباد و ڕاستەوخۆ بە قازی محەممەدیان ڕاگەیاند چەک دانەنێن حکومەتی ئێران ئامادە نییە خودموختاری بە کورد و تورک بدات. قازی محەممەدیش لە وەرامدا گوتی گەلی کورد کاتێ ئەو چەکەی هەڵگرتووە کەس هانی نەداوە بۆ چەکهەڵگرتن، بەڵکوو هەستی نەتەوایەتی خۆی پاڵی پێوەناوە و بەمەبەستی ڕزگاری نیشتمانەکەی دەستی داوەتە چەک و بۆیە من ناتوانم داوای چەک فڕێدانی لێ بکەم.»١

ڕێبەرێکی سیاسی کە ئامادە نەبێت چەک لە پێناو وادە درۆیینییەکانی دژمن فڕێ بدات بێگومان بیر لە تەسلیمبوونەوەش ناکات، بەڵکوو بیر لە بەرگری دەکات.

نەوشێروان مستەفا لە کتێبی حکومەتی کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا زیاتر لە سەر ئەو بابەتە دواوە و دەڵێ:

«لە دوای ئەوەی هەواڵی هاتنی هێرشێکی گەورە بەرەو کوردستان دەگات ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥ بەرامبەر ٥ دیسامبری ١٩٤٦ قازی محەممەد تاقمێکی ١٠ کەسیی لەوانە: سەیفی قازی و سەدری قازی، بۆ ڕاوێژ دەربارەی پێکهێنانی «شۆڕای جەنگ» بۆ کۆبوونەوە بانگ کرد.

لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا هێزەکانی عەشایر و جمهوری ساز بدرێن بۆ بەرهەڵستی هێزەکانی ئێران بەڵام دوابڕیاریان بەجێ هێشت بۆ کۆبوونەوەی ڕۆژی دوایی کە ئەبوو لە مزگەوتی هەباس ئاغا بکرێ»٢



هەر وەکوو کە لەو بڕیارەی پێشەوادا بۆ پێکهێنانی شۆڕای جەنگ زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بڕیاری پێشەوا بەرخودان بووە بەڵام دواتر لە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباس ئاغا چی ڕوویداوە و هەوڵی هەندێک کەس بەپێچەوانەی ئەو بڕیارە بووە کە دواتر کاریگەری لە سەر بڕیاری پێشەوا داناوە بابەتێکی دیکەیە. سەرەڕای ئەوەش پێشەوا هەوڵی ڕزگارکردنی خۆی نەداوە، بەڵکوو بە پێشمەرگکردنی خۆی هەوڵی پاراستنی خەڵکی داوە، بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر نەڕژێت کە فیداکارییەکی بێ وێنە هەژمار دەکرێت.

بەکر حەوێزی یەکێک لە ئەفسەرەکانی باشوری کوردستان کە ڕۆڵیان لە کۆمار و ڕێکخستنی لەشکری پێشمەرگە هەبووە لە سەر کۆبوونەوەی ڕۆژی دواتری خەڵکی مەهاباد لە مزگەوتی هەباس ئاغادا کە خۆی بەشدار بووە دەڵێ:

« کە چووینە خانەقای نەهری (مزگەوتی هەباس ئاغا)، خەڵکێکی زۆری مەهاباد لەوێ بوون و تکایان لە مەلامستەفا کرد کە شەڕ نەخاتە نێو مەهاباد و بەڵێنیشیان نەدا کە پێشەوا لەگەڵمان بێت و بەو هومێدەی کە حکومەتی ئێران دەیبەخشێ»٣

هەر وەکوو لەو گێڕانەیەوەشدا بە ڕوونی دیارە کە بڕیاری پێشەوا لە چ دۆخێک دراوە، پێشەوا زۆر بە باشی دەزانێ کە لە سێدارە دەدرێت، چونکە لە وەڵامی مەلا مستەفادا کە داوای کردبوو لەگەڵی بڕوات، ئەو ئەوەی لە دەستی دێ بۆ پاراستنی دەیکات، زۆر بە ڕوونی گووتبووی کە «چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدات»٤.

سەرەڕای ئەوەش تەنیا هۆکارێک کە پێشەوای هان دا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بڕیارە، پاراستنی خەڵک و مەهاباد بوو. بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای تێڕامانە بیرەوەرییەکانی محەممەدی نوری (عەتری گڵۆڵانی) لە کتێبی «شەوێک و خەوێک»ە، کە باسی دیداری خۆی لەگەڵ حاجی بابەشێخ و حەمەحوسێن خان قازی و پێشەوای نەمر دوای ڕووخانی کۆمار و داگیرکردنی لەلایەن ئەرتشەوە دەکات. پێشەوای نەمر بەپێچەوانەی حاجی بابە شێخ و حەمە حوسێن خان کە زیاتر خۆشبین بوون بەو شێوەیە بۆ عەتری گڵۆڵانی دواوە:

«کوڕم عەتری، مەیدانی چوارچرا دەزانی؟ گوتم بەڵێ، ئێوە دەبینن قازی محەممەد لەو مەیدانە ئێعدام دەکرێ. بۆیە ئەوەی دەڵێم هەتا کوردستان هەتا نەتەوەی کورد پێ بزانن کە قازی محەممەد فریوی نەخوارد، هەڵخەڵەتاوی وادەی بێ جێ نەبوو.

ئەوەی بە ئێوە دەڵێم بۆ تاریخ و وڵاتەکەتانی بگێڕنەوە بنووسن کە قازی نە فریوی خوارد، نە هەڵخەڵەتا، بەڵکوو ویستی خۆی فیدای ئارمانی نەتەوەی کورد بکا.

ئەو ئارمانانەی کە کۆمەڵەی (ژ.ک) و حیزبی دێموکراتی بناغەی دارشت و شووڕەی کێشا ئەمن نامێنم، بەڵام ئەو ئۆقیانووسە ئیرادە و ئاواتە گەورەی نەتەوەی کورد کوا بە خاکەنازێک خۆڵەمێش و ژیلەمۆی ناڕەوای نەیاران خاپور دەکرێ؟» ٥

پێشەوا بە زانینەوە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر ئەو بڕیارەی بە جێ گەیاندووە، بڕیاری فیداکردنی گیانی خۆی لە پێناو ئامانجی ڕەوایدا، ئەو فیداکارییەی پێشەوای نەمر لە دۆخێکی وەهادا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر بزاڤی کوردی داناوە کە حیزبی دێموکرات و ڕێچکەی خەبات ئێستا دوای ٧٥ ساڵیش شانازی بە هەبوونییەوە دەکات.

هەرمانی حیزبی دێموکرات و پێگەی جەماوەرییەکەی بە درێژایی مێژوو تەنانەت ئەمڕۆش بەرهەمی ئەو فیداکارییە و خەباتێکە کە لەو فیداکارییەوە ئیلهام وەردەگرێ.

هەر ئەوەش وای کرد ناوی پێشەوا بۆ هەمیشە بمێنێت و ناوی خەباتی فیرقەی ئازەربایجان و ڕێبەرانی، کە توانیان ژیانی خۆیان بپارێزن و پەنا بۆ سۆڤیەت بەرن، ئەمڕۆ لە نێو بچێت. بەڵگەی زۆر بۆ سەلماندنی کاریگەری پێشەوا لە سەر خەباتی گەلی کورد نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەن.

ڕابرت ئیلسن لە لێکۆڵینەوەکەی لە سەر پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیە و مەسەلەی کورددا دەڵێ:

«لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لە سەر ئەو خاڵە پێ دادەگرن کە دروست بوونی کۆماری کوردستان لە ڕاژە(دەرجە)ی یەکەم نەتەوەخوازی کورد بوو.

دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری کوردستان زۆرتر مەسەلەیەکی نەتەوەخوازی کورد بوو کە کاریگەریی لە سەر کوردەکانی ئێران و ئێراق و تورکیە هەبوو»٦

تەسلیمبوون کاتێک ڕوو دەدات کە تاکی تەسلیمبوو دەیهەوێ گیانی خۆی بپارێزێ؛ بەپێچەوانەوە پێشەوای نەمر هەروەکوو لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەدا بە ڕوونی دیارن گیانی خۆی پێشکەش کرد تا ئارمانە ڕەواکانی گەلێک زیندوو بمێنن کە بنەمای زیندووبوونی خەبات و مانەوەی گەلێکە. بەگوێرەی هەموو ئەو بەڵگانەی لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەی پێشەوای نەمر لە بەر دەستیشن، دەبینین خۆی بۆ مەرگ ئامادە کردووە و لە هەڵوێستە نەتەوەییەکەی پاشگەز نابێتەوە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەگەر وەسیەتی پێشەوای نەمر بەر لەسێدارەدانی وەک دوایین بەڵگەی تۆمارکراوی وتەکانی پێشەوا بزانین زۆر بە باشی دەردەکەوێ بایەخی یەکڕیزی و باوەڕنەکردن بە فارس و عەجەم وەک دوو بنەمای سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری هەژمار دەکرێت.

ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە گشتگیر بکەین بە سەر سیاسەت و دۆخی ئێستای کورد دەبێ گرینگی بدەین بە دروستکردنی یەکگرتوویی چ لە نێوخۆی حیزب و چ لە نێوان هێز و لایەن و کەسایەتییەکان و لە هەمووی گرینگتریش لەژێر ڕۆشنایی ئەو وەسیەتەدا دەردەکەوێ کە ئێمە نابێ هەموو وزەی خۆمان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە فارسەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە باوەڕیان بە مافی کورد نییە بە کار بێنین بەڵکوو وزەی خۆمان بە کار بێنین بۆ بەهێزی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین ڕزگاری کورد و کوردستان بەدی بێنین.

# بایەخی مێژوویی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٢٤ و میراسی سیاسی ئەوان بۆ ئێمە



**ئیبراهیم لاجانی**

**بەشی یەکەم**

لەهەر هەلومەرجێکدا بین بەو پەیمانە کە بە میللەتەکەمانمان داوە بۆ بردنەپێشی خەبات، وەفادار دەمێنینەوە.

مەبەست لەو وتارە بریتییە لە تیشک خستنە سەر بایەخ و شوێنی مێژوویی ٢٦ی سەرماوەز، کاریگەریی و شوێنەواری ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لەسەر ژیان و خەباتی میللەتەکەمان. پاشان باس لەوە دەکا کە میراسی ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە چییە؟ چۆن لەو میراتە بگەین و بیپارێزین و بیبەینە پێش؟ چۆن ئەو خەباتە لە سەردەمی تازەدا بەرینە پێش کە باوک و باپیرانمان ٧٥ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، بە ڕامالینی دوابنکەکانی دەسەڵاتی زاڵمی دەوڵەتی ناوەندی لە شاری قارەمانپەروەری مەهاباد، خستیانە بەردەم ئێمە؟

### ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە مێژوودا

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستاندا ڕۆژێکی تایبەتە. چوونکە وەک ڕۆژی ڕامالینی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی بەدەستی ڕۆڵە قارەمانەکانی کورستان و سەرەتای دەستپێکردنی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە مێژووی کورد و کوردستاندا بە حیساب دێ. لەو ڕۆژەدا ڕۆڵە فیداکارەکانی کوردستان، هێرشیان بردە سەر بنکەی ژاندارمێری مەهاباد و وەک دواسیمبۆلی زووڵم و دەسەڵاتی بێگانە تێکیانەوە پێچا. بایەخ و گرینگیی مێژوویی و سیاسی ڕۆژی ٢٦ سەرماوەز لەوەدایە.

### ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان

لە ژیانی میللەتاندا، کەسایەتییە مێژووییەکان، ڕووداوە تاریخییەکان و ڕۆژە مێژووییەکان، وەک جوانی لە چاوی خەڵکەوە دەبینرێن؛ واتە هەرکەسە بە چاوی خۆی دەیانبینێ بەڵام دواجار ئەوە خودی مێژووە کە سەبارەت بەوان داوەری دەکات. ئەمڕۆ زیاتر لە ٧ دەیە بەسەر ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا تێدەپەڕێ. ئێستا دەبینین کە ئەو ڕووداوە چ شوێنەوارێکی گرینگ و چ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فەرهەنگی سیاسی و خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان داناوە. ئەوەمان بەوەدا بۆ دەردەکەوێت کە ئێستا دەبینین ئەو ڕۆژە جێگایەکی پڕبایەخی لە بیرگەی میللی و بەکۆمەڵی میللەتی کورد، واتە کۆممۆن سێنسی گەلی ئێمەدا هەیە.

ئێستاش هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان، بە هەر بیروباوڕێکی سیاسی و فەلسەفییەوە، بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە، بە چەپ و ڕاست و سێکۆلار و مەزهەبییەوە، داوایان ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و حەقی حاکمیەتی میللی خۆیان بەدەستەوە بگرن؛ واتە ٢٦ی سەرماوەز و پەیامە سیاسییەکەی هەروا نوێنگەی ئاوات و داخوازە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستانە. دەتوانین بڵێین بایەخی سیاسی ٢٦ی سەرماوەز لە مێژووی سیاسی کورددا ئەوەیە کە ئیلهامبەخش و تەجەسومی داوا سیاسییەکانی کوردە. هەر بۆیەش لە یادگە و ویژدانی میللی ئێمەدا شوێنیکی تایبەتی هەیە و بە ڕۆژێکی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێ.

وەک پێشتر وتمان، کەسایەتییە مێژوویی و ڕۆژە تاریخییەکان و هەموو ئەوانەی لە مێژووی میللەتاندا ڕۆڵ دەگێڕن، جێگای باس و لێکۆڵینەوەی سیاسی و مێژوویی و ئاکادیمک بوون و هەن. ئەوە بۆ ئێمەی کوردیش هەر ڕاستە.

کۆمەڵناسەکان، لێکۆڵەرانی مێژوو و ناوەندە ئاکادیمییەکان و تەنانەت ژۆرنالیستەکانیش، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان، یا بایەخ و شوێن و کاریگەری ئەوان لە ژیان و تاریخی گەلاندا، هەندێک فاکتەر و پێوانە بەکاردێنن. وەک ئەوە کە ئەو ڕووداوانە، ئەو ڕۆژانە، ئەو کەسایەتییانە، لەکاتی خۆیدا، چ تەئسیرێکیان لەسەر کۆمەڵگا و داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەدا هەبووە؟ چ قازانجێکیان بۆ نەوەکانی داهاتوو هەبووە؟ چ مۆرکێکیان بە ڕووداوەکانی دوای خۆیانەوە ناوە و چ شوێنەوارێکیان لە سەر ژیان و خەباتی میللەت داناوە.

بۆ ئێمە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، وەبیرهێنەرەوەی ڕاپەرین و شۆڕشی ئازادیخوازانەی میللەتی ژێرستەمی کوردە کە لە کاتی خۆیدا ڕاپەڕیوە و هێمن وتەنی لە شانوباهۆی خۆی ڕادیوە تا ئاڵای ئازادی هەڵگرێ. دەزانین کە دوای ڕووداوەکانی ٢٦ سەرماوەز، ڕەوتی چوونەپێشی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هێندە خێرایی بە خۆیەوە گرت کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گەلی ئێمە توانی چارەنوسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و دەوڵەت بە هەموو پێداویستییەکانییەوە دامەزرێنێ. بەو جۆرە کورد کەوتە سەر ڕێگای ئازادی. لە ماوەیەکی کورتدا گەلی ئێمەش بە پلەیەکی بەرزی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، کە زۆر لەگەڵ پێش ئەو ڕووداوانە فەرقی هەبوو، گەیشت. بەجۆرێک کە تەنانەت دوای ڕووخانی کۆماریش، ئەو خەباتە لە سەرتاسەری بەشی دووهەمی سەدەی بیستەمدا و تا ئێستاش هەر بەو ڕێگایەدا جارێک توند و جارێک نەرم درێژەی کێشاوە بەڵام بێ‌پسانەوە بەردەوام بووە.

ئەوەتا پاش ٧٥ ساڵ دەبینین کە پەیامی ئەو بزووتنەوەیە هەروا لە کوردستاندا دەزرینگێتەوە . چوونکە ئێستاشی لەگەڵ بێت داخوازەکانی میللەتی کورد هەر لە چوارچێوەی پەیامی ٢٦ی سەرماوەزدا فۆرموولە دەکرێن. یانی ئێستاش میللەتی ئێمە هەر لە حاڵی ئەو خەباتەدایە کە ئەودەم باوک و باپیرانمان ئاڵاکەیان بەرزکردۆتەوە بەڵام دەبێت بڵێم کە میللەتی ئێمە ئێستا لە زۆر بواردا زەرفیەت و لێوەشاوەیی سیاسی و فەرهەنگی و خەباتگێڕانەی لە چاو ئەودەم چۆتە سەرتر. ئاسەواری ڕووداوەکانی ساڵانی ٢٤ و ٢٥ ی هەتاوی هێندە بەسەر ژیان و خەباتی میللەتی ئێمەوە دیارن، کە لەو ٧٥ ساڵەدا هیچ بڕگە و لەحزەیەکی مێژوومان نییە کە بە جۆرێک تەئسیری لەوان وەرنەگرتبێ. خەڵکی کوردستان لەو ڕووداوانەوە تیشکی ئازادی و شۆقی ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتییان پێگەییوە. ئەمڕۆ هەرکەس لە کورستان ئەگەر قسەیەکی بۆ وتن پێ بێ کە خەڵک گوێی لێ بگرێ، ئەوە ئیلهام لە پەیامی سیاسیی ٢٦ سەرماوەز و ڕووداوەکانی دیکەی ئەو ساڵانە وەردەگرێ. یانی هەرچی لە ساڵەکانی دواتردا کردوومانە یان لە داهاتوودا دەیکەین، دەکەونە سەر خەرمانی ئەو ڕووداوانە بۆیە ٢٦ی سەرماوەز و ڕووداوەکانی دیکەی ئەو ساڵانە، مایەی شانازی و ئیفتیخاری میللیمانن. ئەو بزووتنەوە سیاسی، فکری، ئەدەبی، ڕووناکبیری و فەرهەنگییەی لەگەڵ ئەو ڕووداوانە کەوتە نێو کۆمەڵگای کوردستان، ئەو فەرهەنگی کاری حیزبی و تەشکیلاتی و ڕێبەرایەتیی کردنی بەکۆمەڵەی کە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا هاتە نێو کولتووری خەباتگێڕانەی کورد و کوردستان، ئەو شێوە خەباتەی دواتر وەک خەباتی پێشمەرگایەتی ناسراو بوو بە سیمایەکی تایبەت و ناسراوی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان، هەموویان لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز و ڕۆژەکانی دواتری پاش ٢٦ی سەرماوەزەوە سەرچاوە دەگرن.

بۆیە یادی ٢٦ی سەرماوەز هەموو ئەو شتانەمان بیردەخاتەوە کە لەگەڵ کۆماری کوردستاندا هاتنە نێو مێژووی سیاسی و فەرهەنگی خەباتگێڕانەمان. ئەو وزەیەی کە ئەو ڕووداوانە، ئەو ڕاپەڕینە، بە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئەودەمی کوردستانیان دا، هێندە گەورە و کاریگەر بوون، کە تەنانەت ڕێژیمی شا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش، بەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەوە، نەیانتوانیوە خەفەی بکەن؛ بۆیە پەیامی سیاسی و فەرهەنگی ٢٦ی سەرماوەز و ٢ی ڕێبەندان، گەورەترین کۆڵکەی هاوبەشمانن و هەمووومان دەتوانین لە کاروچالاکییەکانی خۆماندا، وەک زەمینەی هاوبەش و شاڕێگای هاوبەش تێیان بگەین. ئیلهام و مۆتیڤاشونیان لێوەرگرین. هەر کوردێک، بە هەر بیروباوەڕێکی سیاسییەوە کە هەیەتی، حەقی خۆیەتی خۆی بە هاوبەش و خاوەنی ئەو سەمبوول و پەیامانە بزانێ کە لەو نوختە هاوبەشەوە پێمان دەگەن. ئەگەر ئەمڕۆ وەک کورد ئەوانە بە خاڵی هاوبەش و زەمینەی هاوبەش بزانین، هیچ لایەکمان زەرەر ناکەین. لەو هاوبەشییەدا کەس هیچ لەدەست نادا، بەڵام هەموومان و میللەتەکەمان قازانج دەکەین. هەر کەس لە کوردستان بۆ ئازادی و ڕزگاری و پێشکەوتن و بەختەوەری و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و مافی مرۆڤی ئینسانی کورد تێدەکۆشێ، میراتگری ٢٦ی سەرماوەز و ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییە.

### ڕەفتار لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان

جیاوازییەک کە میللەتێکی خاوەن پوختەیی و پێگەیشتوویی سیاسی و فەرهەنگی لەگەڵ میللەتێکی دیکە هەیەتی، ئەوەیە، کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ مێژووی خۆی و ڕووداوەکانی نێو مێژووی خۆی و کەسایەتییە مێژووییەکانی خۆیدا دەکات. شۆڕشی فەرانسە و شۆڕشی ئەمریکا دوو ڕووداوی گەورە و گرنگن لە مێژووی فەرانسە و ئەمریکادا، بەڵام هیچ کەس و حیزبێکی سیاسی لەو وڵاتانەدا نایەت ئەوان بکاتە دەستمایەی سیاسی و سەنەدی مەشرووعیەتی خۆی. کەسایەتی و ڕووداوە مێژووییەکان ئەگەر قەرار بێت بەهرەیەکی سیاسییان هەبێت، ئەوە ئەوەیە کە چ پێوەندییەک لەگەڵ سەردەم و مەسەلەکانی ئێستا و داهاتووی میللەت پەیدا دەکەن. تەکیە لەسەر شانازییەکانی پێشینیان ناتوانێ هەموو شتێک بێت. گرنگ ئەوەیە کە کەسایەتییەکی سیاسی، یا حیزبێکی سیاسی ئێستا چی بۆ خەبات پێیە و چەندە ئامادەیە ڕیسک بکات و چەندە توانای هەیە لەگەڵ کاروانی خەبات بڕواتە پێش و یارمەتی بە چوونەپێشی خەبات بکات. هەموو میللەتێک ڕۆژانی مێژوویی و کەسایەتی مێژوویی خۆیانیان هەیە بەڵام میللەتانی پێگەیشتوو، ئەو ڕۆژانە، ئەو ڕووداوانە و ئەو کەسایەتییە مێژووییانەیان میللی کردوون. یانی تەنانەت ئەگەر بۆچوون و نەزەراتی جۆراوجۆریشیان سەبارەت بەوان هەبێت، وەک مێژووی خۆیان دەیانبینن و نایانکەنە مایەی نیفاق و بەفیڕۆدانی ئینێرژیی میللی. ئێمە نەوەی نوێی کوردستان، بەتایبەتی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە، بەهرەیەک کە دەبێ لەو ڕووداوانەی وەربگرین، ئەوەیە کە تێبکۆشین پتر لە پەیامی سیاسیی ٢٦ی سەرماوەز و ٢ی ڕێبەندان تێبگەین، پتر تێیاندا قووڵ ببینەوە، باشتر ئەو پەیامە وەرگرین و لەگەڵ هەلومەرجی دونیای گلۆباڵی هاوچەرخ هاوئاهەنگی کەین.

پێش هەرکەس و لایەنێکی دیکە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە تێکۆشین هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان قەناعەت پێ بێنین کە ئەو ڕۆژە مێژووییانە، ئەو کەسایەتییە مێژووییانە، با لە کارنامەی سیاسی حیزبی ئێمەشدا بن، بە هی خۆیانیان بزانن. ئاخر ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستانە، بە هەر ئیدە و مەرام و بیروبۆچوونێکی سیاسی و حیزبییەوە. ١٠ی خاکەلێوەش هەرئاوا، ڕۆژی هەموو شەهیدانی کوردستانە. ئێمەش بۆخۆمان دەبێ بەوجۆرە ڕەفتار بکەین. نابێ حەساسیەتمان بەوە هەبێت کە خەڵکی دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان ئەو ڕەمزانە کە بۆ ئێمە گرنگن، بە هی خۆیان دەزانن. هەموو هەوڵی ئێمە دەبێ ئەوەبێ ئەوان کارێکی لەو چەشنە بکەن.

کەواتە ئەو ڕۆژە مێژووییانە دەکرێ ببنە زەمینەی هاوبەشی خەبات و تێکۆشانی میللی و نەتەوەیی ئەوەی لە جەبردا پێی دوترێ گەورەترین کۆڵکەی هاوبەش. ئەوەیە ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی درووست بۆ ڕۆژ و کەسایەتییە تاریخییەکان. ئاخر میراتی میللی بۆ هەمووانە. حیزبی دێموکرات بەدوای میراتی ڕابردووەوە نییە . حیزبی دێموکرات نایهەوێت هیچ ڕابردوویەک بازسازی کاتەوە. هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە لە ڕابردوو تێپەڕین و شتی باشتر و چاکتر بێنینە کایەوە.

دەکرێ ئیلهام و مۆتیڤاشۆن لە ڕابردوو وەرگرین و لێی فێربین بەڵام بۆ چوونەپێش نەک ڕاوەستان لەنێویدا، یا بەرهەمهێنانەوە و بازسازی کردنەوەی. هیچ ڕابردوویەک بۆ دووبارەکردنەوە نابێت. تەنانەت ئەگەر باشیش بێت. دەبێ قبووڵ کەین کە تەنانەت کۆماری کوردستانیش بەو جێگا بەرزەشەوە کە لە مێژووی کورددا هەیەتی، هەمووی سەرتاسەر هەر شانازی نییە. باب و باپیرانی ئێمە ٧٥ ساڵ لەمەوبەر دیتیان کە کەشتی کورد لە قوڕولیتەی دواکەوتوویی و ژێرچەپۆکەییدا ماوەتەوە. لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی کە شەڕی دووهەمی جیهانی لەگەڵ خۆی هێنابویە گۆڕێ وەک بای شورتە کەڵکیان وەرگرت. هاتن و خۆیان ڕێکخست و ئەو کەشتییەیان وە حەڕەکەت خست. ئەوەندەی زەرفیەتی کۆمەڵگای ئەودەمی کوردستان و هەلومەرجی ناوچە و دونیا ئیجازەی پێدەدان، ئەو کاروانەیان بردەپێش. لەوەشیان زیاتر نەدەتوانی. چوونکە لە توانایاندا نەبوو و لەوەش زیاتر هەلومەرج ڕێگای پێ نەدەدان. ڕاستە حەقی ئەوەمان هەیە شانازی بە خۆمانەوە بکەین کە لەو دەمەوە تا ئێستا ئەو ڕێگایەمان بەرنەداوە و نەمانهێشتووە ئەو خەباتە ڕاوەستێ، ئەوە تەنیا بۆخۆمان خاڵێکی پۆزەتیڤە بەڵام ئەگەر لە کۆنتێکستێکی جیهانی و تەنانەت ناوچەییشدا تەماشا بکەین، ئەگەر چاوێک بە وەزعی خۆمان و میللەتانی دوورو نزیک لە خۆماندا بخشێنین، دەبێ بڵێم کە بەداخەوە هیچ هونەرێکمان لەخۆمان نیشان نەداوە بۆیە تەنانەت نابێت لە هیچ ڕابردوویەکدا بمێنینەوە، دەبێ بڵندهیممەت بین. کەواتە نابێت ڕۆژ و کەسایەتییە مێژووییەکانمان بکەینە حیزبی و ئیدئۆلۆژیک. باشترین لێوەشاوەیی ئێمە ئەمڕۆ بۆ خەبات لەوەدا دەردەکەوێ، کە تا چ ڕادەیەک ڕۆڵەی سەردەمی خۆمانین و چۆن لە سەردەمی تازەدا خەباتی میللەتەکەمان دەبەینە پێش. ئەگەر بتوانین میللەتی خۆمان بگەیەنینە ئاستی ئێستای میللەتانی ئازاد و بەختەوەر، ئەوە کارێکی درووستمان کردووە. کاری ئێمە و ڕیسالەتی حیزبی ئێمە ئێستا ئەوەیە. ئەوەش باشترین ڕێزلێنانە لە یادی ٢٦ی سەرماوەز. باشترین ڕێزگرتنیشە لە تێکۆشەرانی میللەتی کورد واتە پێشمەرگەکانی کوردستان و هەموو خەباتکارانی دیکەی میللەتەکەمان.

دریژەی هەیە....

# شکۆی مێژووی نیشتمانێک











## ناسیۆنالیزمی میراتی کۆمار لە ڕەگەزی دێموکراسییە واتە ئێمە فێری خۆشەویستی بۆ گەل و خاک و نیشتمان دەکات بێ ئەوەی ڕقمان لەوانی تر بێت

کەیهان یووسفی

چەند وێنەیەکی بۆمان بە جێ ماون، سیما و چاوانی لەم وێنەگەلەدا پڕن لە میهرەبانی و شکۆ و هەیبەتی قارەمانێك. شکۆی ناوچاوانی، چارەنووس و بەسەرهاتی و گرێدانی بەو دۆخەی تێیدا ژیا و ڕووداوەکان و میراتی بەجێماوی بۆ نەوەکانی داهاتوو، تۆوی ڕێز و خۆشەویستی زیاتر دەچێنێ، خۆشەویستی و ڕێزێکی بێ پایانی نەتەوەیەك بۆ قارەمان و ڕێبەرێك کە لە زانستی ڕێبەریدا وەکوو تایبەتمەندییەکی ڕێبەریی بە گەورەیی ڕۆح(greatness of soul) ناوی لێ دەبرێت. ئەم چەند میراتگری هزریی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەستا بوو.

کۆمەڵێك ڕووناکبیر و خوێندەواری چینی ناوەڕاستی شاریی کە خولیای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان هەبوو. لێکنەچوونی کۆمار لە کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان، وەکوو دوو دەسەڵاتی ناوچەیی و لە دراوسێی یەکتر و کارتێکەرییان دوای خۆیان لە سەر نەوەکانی داهاتوو، بۆ پێگەی تایبەتی کۆمار دەگەڕێتەوە.

کۆمار زیاتر فۆرمێکی نەتەوەیی هەبوو تا فۆرمێکی چینایەتی و کۆمۆنیستی. کۆماری کوردستان شکڵێکی نەرمی ناسیۆنالیزم لە سەر بنەمای مرۆڤتەوەرەی و ئاشتیخوازایی بوو، واتە تر».

ناسیۆنالیزم وەکوو کۆنتێکستی دێموکراتیك باسی مافی گرووپێکی هاوبەش و ڕێز لە هاوبەشی زمانی، کولتووری، مێژوویی و سەروەریی سیاسییان دەگرێت.

لە قەبارەیەکی دێموکراتیکدا ئەم ناسیۆنالیزمە چونکە جەوهەری دێموکراتیکە باس لە تەبایی و ڕێزلێنان لە مافی ئەوانی تریش دەکات. لە کۆماری کوردستان مافی کەمینە پارێزراو بوو. سیاسەتی ئاشتەوایی لەگەڵ دراوسێ پرەنسیپ بوو.

هاوپەیمانیی نێوان کۆمار و فیرقەی ئازەربایجان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

کۆماری کوردستان پێگەیشتوویی شوناسخوازیی کورد بوو، هەبوونی ژیان بدات. هەر بۆیەش دەبێت جمکەکانی کۆمەڵگا دێموکراتیزە بکرێنەوە. قوتابخانە و ڕۆژنامە وەکوو دوو بنکەی بردنەسەرەوەی ئاستی خوێندەواری و ڕووناکبیریی بۆ کۆمەڵگا گرنگن کە کۆمار بەهای پێیان دا.

ڕێکخستنی لاوان و ژنان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان کۆڵەکەی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکن. کۆمار خوێندنەوەی بۆ ئەمەش هەبوو و دامەزراوەکانی لاوان و ژنان لە کۆماردا دەرکەوتەی ئەم خوێندنەوە دێموکراتیکە بوون.

کۆمار بەپێچەوانەی تۆمەتی نەیاران و دوژمنانی کوردستان، سەر بە سۆڤیەت و بیرۆکەی سۆڤیەت نەبوو و ژێرخانی فیکری کۆمار نەتەوەیی بوو تا

## ڕەخساندنی فەزا بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەنگاوێکی بەنرخی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بۆ بنەبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو.

دێڕەی سەرەوە ئاماژە بە قارەمانی خۆشەویستی چیرۆکی نەتەوەیەکی دابەشکراو و ستەملێکراوە، پێشەوای مەزنی کوردان، بەڵام بابەتی ئەم نووسینە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی پێشەوا نییە بەڵکوو هەڵسەنگاندنی میراتی ئەم ڕێبەرە بەشکۆیە و حیزبەکەیەتی بۆ کوردان، میراتێك لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان».

### ١١ مانگ تەمەنی کۆماری کوردستان چ میراتێکی بۆ ئێمە بەجێ هێشت؟

ناسیۆنالیزمێکی دێموکراتیك.

ئەم میراتەی کۆماری کوردستان هێڵی جیاکەرەوەی ناسیۆنالیزمی ئێمەی کوردە لەگەڵ فاشیزیمی داگیرکەرانی کوردستان.

ئەوان لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزم و نەتەوە بانگەشەی فاشیزمی خۆیان دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دەدەن. واتە بوونی خۆیان بە نەبوونی ئەوانی دیکەوە دەبەستنەوە.

فاشیزمی ئەوان دەڵێت نەتەوەکەی من باشترینە و هیچ شتێك و هیچ کەسێك نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کۆماردا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

عەداڵەت و یەکسانی وەکوو بنەماکانی دێموکراسی جەوهەری پێکهێنەری کۆماری کوردستان بوون.

ڕەخساندنی فەزا بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەنگاوێکی بەنرخی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بۆ بنەبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو.

هەنگاوەکانی دامەزرێنەرانی کۆمار بۆ دروستکردنی قەبارەیەکی سیاسی کوردی چینایەتی.

کۆمار نە ئاڵای سووری سۆڤیەتی هەڵکرد و نە ڕیفۆرمی کشتوکاڵی کۆمۆنیستی لە کوردستان ڕەچاو کرد، وێڕای حزوور و هەژمۆنی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا.

شوناسخوازی و دێموکراسی وەکوو میراتی کۆمار وێژمانی کوردایەتی لە کوردستان چێ کرد، وێژمانی کوردایەتی ئەرك دەخاتە سەر شانی تاکی کورد کە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت و هەوڵ بۆ دابینبوونی ئەم مافە ڕەوا بدات،

## پارامێتری دێموکراسی کۆمار بە ئێمە دەڵێت بۆ ژیانێکی بەختەوەر لە کیانێکی کوردیدا ئێمە نابێت لاسایی وێژمانی داگیرکەران بکەینەوە، وێژمانی دیکتاتۆریی و ڕاسیزم ناتوانێت ئێمە لە چنگی دیکتاتۆری و ڕاسیزمی داگیرکەر دەرباز بکات

دەتوانین دوو شت لە سەرووی هەموو شتێکەوە وەکوو میراتی کۆماری کوردستان دوای خۆی بۆ گەلی کورد دەستنیشان بکەین: شوناسخوازی و دێموکراسی.

ڕاستە کۆمار لە بۆشایی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ناوچەکانی سەرووی کوردستان و هەروەها حزووری هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە باکووری ئێران پێکهات، بەڵام کۆمار پەرچەکردارێکی ساتەکی نەبوو.

لە پشتی کۆمار، حیزبی دێموکرات وەکوو بێجگە لە نەتەوەکەم بۆم گرنگ نییە، واتە ڕەوایی دەدات بە هەر کوشتار و جینایەتێك لە پێناو فراوانخوازی نەتەوەکەیدا.

ناسیۆنالیزمی میراتی کۆمار لە ڕەگەزی دێموکراسییە واتە ئێمە فێری خۆشەویستی بۆ گەل و خاك و نیشتمان دەکات بێ ئەوەی ڕقمان لەوانی تر بێت.

ناسیۆنالیزمی کۆمار بە ئێمە دەڵێت: «نەتەوەکەی ئێمە جیاواز و تایبەتە و دەبێت بەرپرسایەتی و بەڵێنێکی بەهێزمان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان هەبێت بەڵام نەك بە نرخی لەناوبردن و تواندنەوەی ئەوانی یان دەوڵەتی کوردستان زۆر پڕبایەخن.

کۆمار پەرچەکردارێکی شوناسخوازانە لەبەرانبەر سیاسەتی تواندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی دژی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بوو.

فەرمی کردنی زمانی کوردی، خوێندن بە زمانی کوردی، ئاڵای کوردستان، ڕۆژنامە، گۆڤار، پەرتووك، ڕادیۆ و سوپای کوردی سەلمێنەری گرنگی شوناسی کوردیی و کوردستانی لە کۆماردا بوو.

دەوڵەتێکی دێموکراتیك لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا دەتوانێت بژیت و درێژە بە هەروەها پارامێتری دێموکراسی کۆمار بە ئێمە دەڵێت بۆ ژیانێکی بەختەوەر لە کیانێکی کوردیدا ئێمە نابێت لاسایی وێژمانی داگیرکەران بکەینەوە، وێژمانی دیکتاتۆریی و ڕاسیزم ناتوانێت ئێمە لە چنگی دیکتاتۆری و ڕاسیزمی داگیرکەر دەرباز بکات. هەروەك چۆن قوتابی بە ئەمەگی کۆمار، شەهیدی مەزن د. قاسملوو دەڵێت: «بۆ تێپەڕبوون لە دیکتاتۆری و ڕزگاری لە ژێردەستی و گەیشتن بە دێموکراسی پێویست ناکات ئێمە لە ڕێگەی دیکتاتۆرییە بڕۆین.»

---

## وێستگە

# ئاواتی ئەو ژنانەی کە بە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی ٧٢٥ی ئۆکراینی بوون بە خۆڵەمێش



نووسین: هێمۆ

ڕۆژی ١٨ی بەفرانباری ئەمساڵ، ساڵێک بە سەر ڕووداو یان باشترە بڵێین جینایەتی خستەخوارەوەی فڕۆکەی ٧٥٢ی ئۆکراینی بە دەستی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تێدەپەڕێت.

فڕۆکەیەکی موسافیربەری کە زۆر ئاسایی خەریک بوو لە تارانەوە بگاتەوە بە کییەف بەڵام ئەم سەفەرە بێکۆتایی بوو چونکە بوو بە ئامانجی مووشەکەکانی ڕێژیمێکی دڕندە.

پاش ئەم هەموو ڕۆژانە ئێستاش بیرکردنەوە لە جینایەتێکی ئاوا دڵی هەر مرۆڤێک دەخاتە ژان، چ ئاوات و ئامانجگەلێک، چ خولیا و هیواگەلێک لەو چرکە شوومەدا بوون بە هیچ!

٩٢ کەس لە موسافیرانی ئەم فڕۆکەیە، ژنان و منداڵانی ڕەگەزی کچ بوون، ژنانێک کە بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و لە هەمووی گرینگتر هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگای سەرکەوتن و پێشکەوتنی پێگرتبوون و ئەوان بۆ درێژەدان بە ژیانێکی ئازاد و بەدەستهێنانی زانست و درووستکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵانی داهاتوو، دووری لە ئازیزان و ڕێگەی تاراوگەیان لەبەر گرتبوو، کچانێک کە بە پەروەردەیەکی سەردەمیانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، بە پێچەوانەی منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان لە ئێراندا کە لە هەموو دەرفەتێکی مرۆیی بێبەرین، بیریان لە خولیاگەلێکی گەورە و ئاواتی خوێندن لە باشترین زانکۆکانی جیهان، وەرزش کردن و ژەنینی مۆسیقا و سەرکەوتنگەلی زانستی دەکردەوە، بەڵام لە کاتێکدا کە هیچ کات چاوەڕوانیان نەدەکرد بوون بە سەردێڕی هەواڵی هەموو میدیا و ماڵپەڕەکانی جیهان.

لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا بنەماڵەی قوربانیانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە بەردەوامی داوای مافی خۆیان و موحاکمەکردنی هۆکارەکانی ئەم جینایەتە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی پرێس کۆنفرانس، دامەزرانی ماڵپەڕ، وەرگرتنی ئیمزا و دەیان ڕێگای ترەوە هەوڵیان داوە تاکوو دەنگی حەقخوازیی خۆیان بەرانبەر بەم ڕووداو و جینایەتە هەڵبڕن.

لە ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ٧٢٥ی ئۆکراینیدا، کۆمەڵێک هاووڵاتیی خەڵکی کوردستانیش هەبوون، کەسانێک کە سەرەڕای هەموو ستەمەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵاواردنەکان، قوربانیی بیری شۆڤێنیزمی کۆماری ئیسلامیش بوون و ڕەنگە تەنیا و تەنیا بەهۆی کوردبوونیانەوە زۆر دەرفەتی باشیان لێ زەوت کرابێ، بەڵام ئەوانیش بە چەشنی موسافیرەکانی دیکەی ئەم فڕۆکەیە و لە هێرشێکی مووشەکیدا هەموو ئاوات و ئامانجەکانیان بوون بە خۆڵەمێش.

ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان لە کاتی لەدەستدانی ئازیزاندا، نەمانی توانایی بڕیاردانی درووست و بەجێ بێت، بەڵام بنەماڵەی قوربانیانی کورد لە شارەکانی سنە و مەهاباد بە وتنەوەی دروشمی ئەی شەهیدان و لابردنی ئاڵای نگریسی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بکەری سەرەکیی تاوانەکە بوو، ڕۆڵەکانی خۆیان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپارد.

ئەم ڕووداوە، تراژێدیایەکی قورس بوو بۆ هەموو خەڵکی ئێران، بەڵام بۆ کورد کە هەمیشە لە بەرەی یەکەمی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەبێتە قوربانی، زۆر قورستر بوو، منداڵانی کوردستان لە هەر کوێی ئەم جیهانەدا بووبێتن نیشانیان داوە کە لە سەرکەوتن بە سەر پلەکانی زانستدا توانیویانە سەرکەوتووترین بن و شانازییەکی ئێجگار گەورە بۆ خەڵکەکەی خۆیان تۆمار بکەن، ڕەنگە لە ژیاندا مانەوەی هەرکام لە موسافیرەکانی فڕۆکەی ٧٢٥ی ئۆکراین خاڵێکی وەرچەرخانی لە زۆر بابەتی زانستیدا درووست بکردبایە، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی ئەم دەرفەتەی نەدا.

لە نێوان هەموو ئەم ئازارانەدا، لەدەستدانی ژنان و کچانێک کە دەیانتوانی بە بیرێکی ئازادەوە گەشە بکەن و ببنە هەوێنی بەخۆداچوونەوە و سەرکەوتنی ژنان و کچانی دیکەش، خەسارێکی زۆر گەورە بوو، ئەوان دەیانتوانی بونیاتنەری بیرێکی یەکسانیخوازانە بن، بەڵام دڕندەیی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی لێ ئەستاندن.

ئەم ڕووداوە نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تا چ ڕادەیەک لە زانست و پێشکەوتن دەترسێت، نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر نەتوانێ خەڵک بەچۆکدا بێنێ و بیانکاتە کۆیلە، هەموو هەوڵی خۆی بۆ لەناوبردنیان دەدات، نیشانی دا کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە ئاستێک لە لاوازی کە تەنیا و تەنیا بۆ قەرەبووکردنەوەی دەتوانێ پەنا بۆ کردەوەی ترسنۆکانە ببات.

ئەوەیکە لەم پێناوەدا بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە بە پێشکەوتنی زانستی خۆمان بە گژ تاریکپەرەستی و گەندەڵیی کۆماری ئیسلامیدا بچینەوە، بەدڵنیاییەوە هاودەنگی و هەوڵدانمان بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە، ئەگاتە ئامانج.

# کرماشان، ئیلام و لوڕستان؛
# بازنەی شاراوە و گرێکەرەوەی خەباتێکی دوورودرێژ

## ڕاسان سەرەتایەک بۆ چالاککردنەوەی دەنگە کپ کراوەکان و توانا سەرکوتکراوەکانی گەلێک




**زەردەپەڕ سندووس**

ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێ باس کردن و جەختکردنەوە لە سەر شۆڕکردنەوەی قووڵایی ستراتیژیکی خەباتی خۆرهەڵات بۆ کرماشان و ئیلام و لوڕستان باسێکی نوێ و تاکتیکێکی بڕگەیی بێت بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو باسە هەم مێژووییەکی درێژی هەیە و هەم باسێک و ستراتێژییەکی وجوودییە کە دەبێ بە شێوازێکی جیددی کاری بۆ بکرێ.

شەڕی گوتاری ئەگەر پێش گریمانەیەک بێت بۆ ئەو هەوڵە، بوونی چەکداری و چالاکی پارتیزانی تەواوکەری ئەو هەوڵە گرینگەن، بە خۆشحاڵییەوە ئەو هەستیارییە چەند ساڵێکە هەم لە ڕووی نیزامییەوە و هەم لە ڕووی دیسکۆرسییەوە ڕۆڵێکی تری بە خۆیەوە بینیوە و بووە بە پرسێکی جیددی. هەرچەند کەم بووە بەڵام جێگەی دڵخۆشییە.

لە وەها دۆخێکدا بە پێویستی دەزانم ئاوڕدانەوەیەکی کورتمان هەبێ لە خەباتی سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووی گەلی کورد و بە دیاریکراوی سەردەمی کۆمار لە خۆرهەڵات :

لە ساڵی □□□□دا پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە هەڵکەوتووانی کورد لە ناوچەی موکریان، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پێک دێنن و چالاکییەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەست پێدەکەن، ئەم کۆمەڵەیە پەلوپۆ دەکێشێ بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

لەم پێوەندییەدا میرزا عەبدوڵا مودەبەر ناسراو بە ئاغەگەورە) کەڵوڕ (کەڵهوڕ خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەو کات کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبونەوەیەدا ناوبراو وەک بەرپرسی گشتیی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ژ-ک لە شار و ناوچەکانی سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دیاری دەکرێ. بە گەڕانەوەی ئاغاگەورە لە مەهابادەوە بۆ کرماشان، چالاکییەکانی کۆمەڵەی ژ- ک پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی- تەشکیلاتی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ–ک دا دەست بە چالاکی و ڕێکخستن دەکەن. یەک لەو کەسانە میرزا برایمخانی نادرییە کە دەبێتە جێگری میرزا مۆدەبر و چالاکییەکان لە ناوچەکانی کرماشان، پشتکۆ و لوڕستان سەرپەرەستی دەکا. کەسی دووهەم لەو تیکۆشەرانە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بووە کە دەبێتە دەبیری کۆمەڵە لە شاری کرماشان. کەسی سێهەم ڕەشید باجەڵانییە کە وەکیلی دادگوستەری بووە، کە بەرپرسایەتی بەشی باشوور لە شاری خانەقینی پێدەسپێردرێ و هەروەها پێوەندی نێوان باشوور و کرماشانیش بەڕێوە دەبا کە لە شاری بەغداوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کرماشان. چوارەم کەس یەدوڵا ڕەزایی دەبێت کە بە بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی ئێڵی کەڵوڕ دیاری دەکرێت. ناوبراو کەسێکی شارەزای بواری سیاسی بووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی ژ- ک بە هۆی ئۆگربوونی بە بیر و هزری نەتەوەییەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ بیری نەتەوەیی لەو ناوچانە پەرە پێبدات و ڕێکخستنەکانییان وەک تەشکیلاتێکی چالاک خۆیان بنوێنن. بە دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم چالاکییانە بەجۆرێک پەرە دەستێنن کە پێوەندی دایم لە نێوان مەهاباد و کرماشان و ناوچەکانی دیکە شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ . بە شێوەیەک کە لەکاتی پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا عەبدوڵاخانی مۆدەبەر و برایمخانی نادری خۆیان دەگەیێننە مەهاباد و چالاکانە بەشداری هەڵسوڕاندنی ئەرکەکان دەبن. بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، میرزا مۆدەبەر دەگەڕێتەوە کرماشان و میرزا برایمیش دەکرێتە ڕاوێژکاری سەرکۆماری کوردستان، قازی محەممەد. میرزا برایم بێجگە لەوەی ڕاوێژکاری پێشەوا بووە، پلەی سەرهەنگی لە سوپای میللی کوردستاندا هەبووە . بەسەرنجدان بەوەیکە زمانەکانی فەڕەنسی، ئینگلیزی و عەرەبی بە باشی زانیوە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریشدا (فەرهەنگ) هەڵسووڕ بووە و بابەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە، یان وەریگێڕاوەتەوە. بەتایبەت لە گۆڤاری کوێستاندا چەندین وتاری لەسەر سەلاحەدین ئەیووبی نووسیوە. لە پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، میرزا برایم گەڵاڵەی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژیان دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی کۆمار کە بەداخەوە لەبەر دەستپێکردنی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و هێرش بۆ سەر کۆماری ئازەربایجان، ناچێتە بواری جێبەجی کرانەوە بەڵام بەوحاڵەش میرزا برایم دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دەنگی کورد بە سەردەبیری سەید عۆبەیدوڵا ئەیووبیان، کە لە دوایین ژمارەی ئەم گۆڤارەدا ئاماژە بە ڕووخانی کۆماری کوردستان کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ نووسینی بابەت بە زاراوەی کوردی خوارووودا، یەدوڵا ڕەزایی کە ئەودەم لە شاری گێڵان نیشتەجێ بووە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا بابەتی نووسیوە کە ناوئاخنێک بووە لە شێعر و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی. بەم جۆرە بە ئاماژە بەو بەڵگە مێژووییانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی کەڵوڕەکان لە کۆمەڵەی ژێکافدا و بگرە لە کۆماری کوردستانیشدا بەرچاو بووە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەوکات ئەو ناوچانەی کە ئەوان تیکۆشانیان تێدا بووە، لە ژێر کۆنترۆڵی کۆماردا نەبووە.

ئەمە گۆشەیەکی کەمتر بینراوی ئەو بزاڤە دوور و درێژەیە کە جێگەی خۆیەتی کاری زۆرتری بۆ بکرێ، ئێستا ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگترین ئەو فاکتە ستراتیژیی و هەمیشەییانەن کە کرماشان دەکەنە یەکێک لە گرنگترین ناوەند لە ئاست هەر چوار پارچەکەی کوردستادا نەک هەر خۆرهەڵات:

١- پێگەی ژێئۆپۆلیتیکی و ژێئۆستراتیژی: شاری کرماشان پێگەیەکی تەواو ژێئۆستراتیژی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا هەیە. لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکییەوە، پێگەکەی لە ئامەد، هەولێر و کەرکووك گرنگتر و پڕبایەخترە. خاوەن ڕووبەرێکی گەورەی زەوییە و، دانیشتووانەکەی نزیکەی دوو میلیۆن کەسن. ئەم دوو میلیۆنە کاریگەری تەواویان بەسەر ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان و هەمەدان هەیە کە لە خستنەڕووی هۆکارەکانی دواتردا بە تەواوی دەسەلمێت.

ئەم شارە خاوەنی چواردە شار و شارۆچکەیە. پێگەی ژێئۆستراتیژی و ژێئۆپۆلیتیکی کرماشان بەجۆرێکە ناو جەرگەی خۆرهەڵاتە. لە باکورییەوە پارێزگای سنەیە، لە خۆرهەڵاتییەوە پارێزگای هەمەدانە، لە باشوری خۆرهەڵات و باشورییەوە پارێزگای خورەم ئاوا (لوڕستان)ە، هەر لە باشورییەوە پارێزگای ئیلامە و، لە خۆرئاواشییەوە باشوری کوردستانە.

بەمەش گرنگترین لینکی ستراتیژییە کە هەم سنە و هەمەدان و لوڕستان و ئیلام لە چەقی کرماشاندا بە یەك دەگەن. ناوەندی کرماشان دەتوانێت وەك سیمبۆلێکی سیاسیی و کلتوری و ئابووری و ئاینیی کاریگەرییان لەسەر دابنێ و، هەم لە خۆرئاواشییەوە باشوری کوردستانە و بەمەش گەمارۆدانی کرماشان بە تەواوی ئەستەم دەبێت بۆ داگیرکەر. هەر بۆیەشە، ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران، کرماشان بە ناوەندی پارێزگاکانی (خۆراوای دەوڵەتی ئێرانی دەستکرد) ناو دەبات و زۆریش بە ناوهێنانی «کوردبوون»ی کرماشان بێزارە ، هەر ئەمەشە و (لە لاوازی بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆرهەلات)یش دابووە کە موجاهیدینی خەلق و سەرانی شاپەرستەکان و تەنانەت دەسەلاتی نەگریسی ئاخوندەکانیش هەمیشە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی کرماشان بەلای خۆیاندا بدەن.

هەروەها، پێگەی سەختی ژێئۆپۆلیتیکی کرماشان بەجۆرێکە کە داگیرکەر ناتوانێت بەسانایی داگیری بکات، چونکە لە ڕووی هەڵکەوتەوە بە تۆبۆگرافیاییشەوە بە شاخی زۆر سەخت دەورە دراوە. بەپێچەوانەی شارەکانی سنە و ورمێ و مەهاباد و بۆکان و هتدە. ئەم دەورەدراوییەی بە تۆبۆگرافیای سەخت، بۆ دیاریکردنی پێتەخت و پاراستنی لە دوژمن سوودی هەمیشەیی هەیە، هەروەها تا ئەندازەیەکیش کەوتۆتە چەقی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، کە هەموو ئەمانە تایبەتمەندی ژێئۆپۆلیتیکی زۆر ستراتیژیی و حەیاتین.

٢- پێگەی بازرگانی: ڕاستە پێگەی بازرگانی بەشێوەیەکی گشتیی لە چوارچێوەی ئابووریدایە. لەم ڕووەشەوە، شاری کرماشان پێگەیەکی تەواو ستراتیژی بازرگانی هەیە. ئەمە بۆچی گرنگە؟ بۆ ئەوەی ببێتە بەستەرەوەیەك لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریی وڵات و تەنانەت دەرەوەی وڵاتەکەشدا و وەك ناوەندێك لێی بڕوانرێت.

شاری کرماشان بەهۆی بازرگانی نەوت و گازی سروشتییەوە، هێڵی بەستەرەوەی گرنگی لەگەڵ ناوچەکانی باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان واتە ئیلام و لوڕستاندا هەیە. چونکە لەو ڕێگەیەشەوە نەوت هەناردەی جیهان دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆ داهاتووش دەتوانێت هێڵی بەستەرەوەی گرنگی لەگەڵ پارێزگای خوزستان و ناوچە عەرەبنشینەکاندا هەبێت.

٣- باڵادەستی کلتوریی و ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەکانی کوردی زاگرۆس-نشین لە کرماشاندا: شاری کرماشان کۆکەرەوەی زۆرینەی ڕەگەزەکانی کوردەوارییە لە خۆیدا. کرماشان یەکێک لە پڕبایەخترین کۆکەرەوەکانی ڕەگەزەکانی کوردستان لە ئاستی هەموو کوردستاندایە.

پێکهاتەی یارسان لەم پارێزگایەوە سەرچاوە دەگرێ و تا هەڵەبجە و کەرکوك درێژ دەبێتەوە.

«لەك و لوڕ» لەم پارێزگایەدا هەیە و بەتوندی لینکی گرێدانی لەگەڵ ئیلام و لوڕستان و بەختیارییەکانی کوردی زاگرۆس-نشینە.

«سنجابییەکان و گۆران و هەرسینی» سێ ڕەگەزی تری کوردەوارین و لەم شارەدا پێگەی گرنگ پێك دێنن.

«کاکاوەنیی و پایرەوەنیی و هویزمانەوەنی» سێ ڕەگەزی سەرەکی سنوری کرماشانن و لە بنەڕەتدا سەر بە هۆزی گەورەی هەمەوەندی چەمچەماڵن و بەشێکی تریان نەفی کراون بۆ خۆراسان و بەشێکیشیان لە سنوری لوڕستاندان و بەشێکیشیان لە باکوری کوردستانن و هومایۆنییەکانیش هەر لەم هۆزەن.

هەورامییەکانی پاوە و نەوسوودیش هەر لە ناو سنوری ئەم پارێزگایەدان و چەقی هەورامانن. ئەمانیش بەشێکی گرنگی گرێدانی ئەم پارێزگایەن بە هەورامییەکانی باشوری کوردستانەوە کە هەتا سلێمانی نفوزیان هەیە.

بەو هۆیەی هەموو ئەمانە لە کرماشانەوە سەرچاوە دەگرن پارێزگاکە دەکاتە ناوەندێکی هەرە گرنگی پڕحەشیمەت بۆ جوڵانەوەی شاریی

٤- ڕەنگدانەوەی ئاینیی و ئاینزاکانی کوردستان لە کرماشاندا: ئەم هۆکارەش کرماشانی کردۆتە ناوەندێکی «فرەبیریی و فرە ئاینیی»

٥- لایەنی مێژوویی و شارستانیی و شوێنەواریی: شاری کرماشان خاوەنی گرنگترین پێگەی شوێنەوارییە لە ئاست هەموو کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بە دەوڵەتبوون دێتە ئەژمار.

بەپێی ئەم فاکتەرانە و زۆر فاکتەری تر بۆمان دەردەکەوێ کە کرماشان وەک ناوەندێک و ئیلام و لوڕستانیش وەک گرێدراوی ئەو ناوەندە گرینگییەکی حاشاهەڵنەگریی شۆڕشی ئەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆرهەڵاتی کوردستانن و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەو ناوچانە کەلێن و لەمپەڕی گەورە لە بەر دەمی ئەم بزاڤەن.

بۆیە بڕیاری شۆڕبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە لە لایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە بڕیارێکی پڕ بایەخ و جێگەی ستایشە.

شار وەک ناوەندی جووڵانەوە مۆدێرنەکان گرنگییەکی وجوودی هەیە و پەلکاژۆبوونی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی بە نێونجی بوونی هێزی شاخ لەو ناوچانە یارمەتیدەر و لۆجیستیکی کاراکردنی هێزی شار دەبێ.

# پرسی ئێران و چەند سەرنجێک

زرێبار




لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرسی ئێران زیاتر لە هەموو وڵاتانی دیکە پێویستی بە خوێندنەوە و شرۆڤەی زانستی هەیە. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین تایبەتمەندی هاوبەشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و هتدیان پێکەوە هەیە و تاڕادەیەکی زۆریش ڕووداوەکانی هەرکام لەو وڵاتانە کاریگەری لە سەر یەکتری دادەنێ هەربۆیە لێکۆڵینەوە لە سەر پرسی هەر کام لەو وڵاتانە پێویستی بە خوێندنەوەی سەرەتایی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە هەیە. لەباری سیاسییەوە هیچکام لەو وڵاتانە پێشینەی بەربڵاوی سیاسی و مێژوویيان وەک ئەوەی کە ئێستە هەیە، نییە و درووستبوونی سنووری هەر کام لەو وڵاتانە پێوەندی بە دوای گەڵاڵەی سایکس ـ پیکۆوە هەیە.(بۆ نموونە لە مێژووی سیاسی ئێراندا هیچ ئاماژەیەک بە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەک ئەردەڵان، ئەتابەکەکانی لوڕ، تورک و ... نەکراوە و ئیدەئالیستانە دەسەڵاتەکانی مەشهەد، ئیسفەهان، تەورێز، شیراز و... گەورە کراونەتەوە) . لەباری ئابوورییەوە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی هەبوونی نەوتەوە پشتیان بە ئابووری تاکلایەنەی نەوت بەستووە. لەباری ئایینییەوە زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسلامن و کەمینە جیاوازەکانی وەک مەسیحی و یەهوودی کەمتر بەدی ئەکرێ. بەگشتی لەباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هاوبەشییەکان زۆرن و هەروەها هەموو وڵاتان لەباری دیمۆگرافییەوە تێکەڵییەکی کەمینە نەتەوەیی و دینییە جیاوازییەکانی تێدا بەدی ئەکرێ، واتە خەڵکی هیچ وڵاتێک لە بوارەکانی نەتەوەیی، ئایینی، کلتووری وهتدەوە یەکدەست نییە. ئێرانی ئێستە جیاوازە لە وڵاتانی ناوچەکە. لەباری هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە ژێئۆئێکۆنۆمی و ژێئۆستراتیژیکترین وڵاتی ناوچەکەیە. لەباری حەشیمەت و خاکەوە لە دوای تورکیا و عەرەبستان دووهەمین وڵاتە. لە باشوورەوە دەستی بە دەریای ئازاد ڕادەگا و لە باکووریشەوە بەهۆی دەریای قەزوێنەوە دەستی بە قەفقاز و ڕووسیا دەگا. ڕاستە ئەرتەشی میسر ئەرتەشێکی مۆدێرنە و ئەرتەشی تورکیا ئەندامی ناتۆیە و هەروەها ئەرتەشی پاکستان چەکی ئەتۆمی هەیە بەڵام هێزی سەربازی هیچکامیان لەگەڵ هێزی سەربازی ئێراندا بەراورد ناکرێن. ژاندارمی ناوچە نازناوی ئێران بوو لە سەردەمی شادا. لە سەردەمی شادا هێز و وزەی ئێران لە ناوخۆدا پەنگی خواردبووە بەڵام لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هێزی مانۆڕدانی سەربازی، ئایینی و ئابووری ئەو وڵاتە سنوورەکانی تێپەڕاند و لە جوغرافیای گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی دیتەوە. ڕاستە ئابووری عەرەبستان و کوەیت بەهێزە بەڵام ئەو دوو وڵاتە نە هێزی سەربازی بەهێزیان هەیە و نە توانیویانە وەک کۆماری ئیسلامی ئەندازیاری سیاسی ڕێکخراو و گرووپە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بکەن. تەنانەت کۆماری ئیسلامی بێجگە لە گرووپە شێعەکان لەگەڵ گرووپە سوونییەکاندا پێوەندی چڕوپڕتریان لە چاو عەرەبستاندا هەیە. لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کۆماری ئیسلامی خاوەن دەستە و گرووپی چەکدارە و لە کاتی پێویستدا وەک کارتی گوشار لە دژی نەیارانی ناوخۆیی و دەرەکی کەڵکیان لێوەردەگرێ. لەباری ئابوورییەوە بێجگە لە نەوت، ئێران خاوەن چەندین مەیدانی گازییە و هەروەها سەرچاوە سەرزەوەی و ژێرزەوییەکانی وەک کانزاکانی ئاسن، ئالۆمینیۆم، گرانیت،زێڕ و... لە ئاستێکدایە کە بێجگە لە دابینکردنی داخوازی ناوخۆ، بۆ وڵاتانی دیکەشی هەناردە ئەکات. لە بواری وەرزێڕیدا ئێران قەت لەگەڵ عەرەبستان و تەنانەت تورکیاشدا بەراورد ناکرێ و ئەو وڵاتە لە بواری وەرزێڕیدا تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە و تەنانەت هەناردەش ئەکا. سەنعەتی ماشینسازی ئێران پێشکەوتوو نییە بەڵام هاوردەکردنی ماشین لە دەرەوەش تێچووی گومرۆکی بۆ کڕیار زۆرە و بەو حاڵەش هێشتا ناهێڵن ماشینی دەرەکی بێتە ناوەوە. ئێران جەمسەری سەنعەتی فەرشە لە ناوچەکەدا و هەروەها سەرەڕای بەربەستە فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەنعەتی گەشتیاری و توریزمی ئێران لە ئاستێکی بەرزدایە. پێترۆشیمی ئێران نیازی وڵاتانی ناوچەکە دابین ئەکات و سەرچاوەیەکی گەورەی سپایە. شیلات و بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی و سوور لە ئاستێکدایە کە خەڵکی ئێران بەڕێژەیەکی کەم بەستراوەی گۆشتی دەرەوەن. وزە و سووتەمەنی ئێران هەناردەی دەرەوە ئەکرێ. بەندەر و سنوورە بازرگانییەکان سەرچاوەی داهاتی دەوڵەتن. ماڵیات و عەوارز سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتە.

داهاتی ناوەند و بنکە ناوکییەکان لە داهاتوودا ئێران دەکا بە وێستگەیەکی ئابووری بەهێز . بە گشتی لە ئێراندا هەر لە سەرچاوە کلیدییەکانەوە بگرە هەتا ئیمامزادەیەک هەر هەموو سەرچاوەی داهاتە بۆ کۆماری ئیسلامی. هەناردەی کۆماری ئیسلامی چەندین بەرابەری هاوردەیە. بازرگانی مادەی هۆشبەر و بە گشتی بازاڕی ڕەش سەرچاوەی دیکەی داهاتە. هەڵبەت کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای گرووپە بناژۆخواز و میلیشیاکانەوە دەستی بەسەر ناوچە ستراتیژیک و ئابوورییەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا گرتووە. بۆ نموونە بەندەری گەورەی بەیرووت لە دەستی حیزبوڵایە و .... .

وڵاتی ئێران و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی جەجاڵی سەردەمە.

اسینی پوتانسییەلەکانی ئێران و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی خوێندنەوەی زیاتری دەوێ. لە پشت سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لیدەر و تیئۆریسییەنگەلێکی دەرەکی هەیە کە ڕۆڵی خراپەکارانەی کۆماری ئیسلامی ئەندازیاری دەکا.

داهاتی کۆماری ئیسلامی ناڕوونە و حاکمیەت هیچ ئامارێکی ڕەسمی نادات دەرەوە و هەروەها دامودەزگای دەوڵەتی فۆرمالیتەیە و تەنیا بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتییە.

دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی جیاواز و دوورە لە عورف و یاسای نێونەتەوەیی و ئامانجی دیکە لە پشت کارەکانییەتی و لە هەموو وڵاتاندا خراپەکاری، دەستێوەردان ، تیرۆر، مامەڵە و بازرگانی بە مادەی هۆشبەر، چەک وتەقەمەنی وکەرەسەی دیکە دەبینرێ. کۆماری ئیسلامی شێرپەنجەیە بۆ مرۆڤایەتی و ئەگەر دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات ئەوا بەرنامە گەورەکانی بۆ تێکدانی ئاسایش و هێمنی نێودەوڵەتی و ... دەست پێدەکا. کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی لە هێز و وزەی شاراوە و ئەهریمەنی دەوڵەتان ، لایەنەکان، ئەحزاب ، ڕێکخراوە و تەنانەت کەسایەتییەکان کەڵک وەردەگرێ. چەپە توندئاژۆکان لەو بوارەدا گەورەترین یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەر بوون بۆ کۆماری ئیسلامی. چین و ڕوسیا لەو بوارەدا گەورەترین پاڵپشت بوون و کۆماری ئیسلامی ئەوەندە قەرزداری ئەو دوو دەوڵەتەیە کە نەیتوانیوە بە پارە قەرەبووی کاتەوە هەر بۆیە ناچار بووە بەشی هەرەزۆری دەریای قەزوێن و کەنداو و دوڕگەکانی باشووری ئێران ڕادەستی ڕوسیا و چین بکا . سەرمایە و داهاتی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە زۆرە کە دابینکەری هێزە تیرۆریست و وێرانکەرەکانی دەکا. خاڵە لاواز و گەورە تەنگژەکانی ( ابرچالش) کۆماری ئیسلامی لە ڕادە بەدەرە. گەندەڵییە سیاسی، ئابووری، کلتووری، ئایینی و هزرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەرچەند سیستماتیک و بەئەنقەستە بەڵام هەر ئەو گەندەڵییانە بۆ خۆیشی بووە بە کێشە. ئەو ڕێژیمە بێجگە لە خۆی هەموو وڵاتانی لە گەندەڵییەوە تێوەگلاندووە. لۆبی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپاییشدا ئەوەندە زۆرە کە هیچکام لەو وڵاتانە ناتوانن دەست لە پێوەندی و مامەڵەی بازرگانی لە گەڵدا هەڵبگرن. لە ئاستی ناوخۆدا پرسی چارەسەرنەکراوی نەتەوە و کەمینەکان بۆمبێکە کە ژمارەی پێچەوانەی بۆ تەقینەوە دەستپێکردووە. لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا کورد و بزوتنەوە ڕەواکەی لە هەموو لایەک کۆماری ئیسلامی باشتر ناسیوە و زۆرترین زەخت و گوشاری لە چاو کەمینەکانی دیکە لە سەر بووە و هەیە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی پێویستە هەموو لایەنە بەهێز و لاوازەکانی بناسرێ و لەقاو بدرێ. سەرەڕای ئەو فاکتە بەهێزە ئابوورییانە کە لە سەرەوە باس کرا کۆماری ئیسلامی لە کاتی هاتنە سەرکاری ترامپەوە تا ئێستە تووشی گەورەترین قەیرانی ئابووری و سیاسی بۆتەوە واتە بە بڕیارێکی ترامپ ئەو دێوەزمە ئابووری و چەکدارییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی داڕمان و شکست بووە. خەبات لە دژی کوماری ئیسلامی لە پێشدا پێویستی بە ناسینی ئەو ڕێژیمەیە. زۆربەی دەوڵەتان کۆماری سێدارەی ئاخوندییان ناسیوە بەڵام بە هۆکارگەلی نارۆون ناتوانن دەست لە پێوەندییەکانیان هەڵگرن. دارشتنی میکانیزمی نوێ بۆ یەکریزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەرکی ئۆرژانسییە و ئەو ڕێژیمە بێجگە لە خرۆشانی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی ناوخۆ پێویستی بە هێنانە سەرهێڵی خەڵک و دەوڵەتانی ناوچەکەش هەیە، چوونکە لە سەرەتادا پێویستە باڵەکانی ئەو ئوختاپوسە لە ناوچەکەدا بقرتێ و دواتر لە سەر ئەو ناسین و بنەمایە فۆرمولێکی نوێی بەرەنگاربوونەوەی لە دژ دابڕێژێت.

# یەکگرتوویی ئێران چۆن دەپارێزرێت؟

هیوا کوردی

لە وتار و شرۆڤەکان کە سەبارەت بە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی دێتە گۆڕێ باس لە مەترسییەکانی هەڵوەشانەوەی سەر ئێران دەکرێت. هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە بە درێژەکێشانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داڕمانی ئابووری و کۆمەڵایەتیش زۆرتر دەبێ. خەڵکی ئێران ئەم داڕمانانە بە باشی هەست پێ دەکەن. نیشانەکانی ئەم داڕمانە دیار و بەرچاون. نامانهەوێ بپڕژێینە سەر ئەم بابەتە. دەچینە سەر بابەتێک کە هەم شرۆڤەکارانی سەر بە ڕێژیم دەیڵێنەوە و هەم دژبەرانی ناوەندگەرا. بابەتێک کە شرۆڤەکارانی ناوەندگەرا باسی لێوە دەکەن مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێرانە. زۆربەی تاقمە ناوەندگەراکان یەکپارچەیی ئێرانیان بۆ بووەتە تابۆ. زۆر جار زێدەڕۆییشی تێدا دەکرێت و وەک بابەتی پیرۆز چاوی لێ دەکەن پێیان وایە ئەزەلی و ئەبەدییە. بەردەوام مەترسی هەڵوەشانەوەی ئێران وەبیرخەڵک دێننەوە. ئەمانە بە دوو دەستە دابەش دەبن :

**ئـا-** دەستەی یەکەم کە داکۆکی لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکەن لە وتار و شرۆڤەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بڕووخێ ئێران لێک هەڵدەوەشێتەوە و پارچە پارچە دەبێ. بۆیە ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین پێش بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بگرین. هەردووک باڵی بناژۆخواز و بەناو ئیسلاحخواز بەردەوام ئەم بۆچوونە دووپات دەکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هۆشداری بە خەڵک دەدا کە ئەگەر بێتو ئێوە شۆڕش بکەن ئێران دەبێتە سووریە. چونکە لە سووریە شەڕی نێوخۆیی سازبوو. سووریە پارچە پارچە بووە، بەدوای ئەمانە سووریە تووشی کاولکاری و داڕمان هاتووە. ئێرانیش ئاوای لێ دێت؛ بۆیە شۆڕش مەکەن و بێدەنگ بن. مل بۆ ویست و داخوازی ئێمە ڕابکێشن. جیا لە ڕێژیم کەسانی سەر بە ڕەوتی بەناو ڕیفورمخوازیش ئەم بانگەشەیە دەکەن.

سادق زیباکەلام بەردەوام لە لێدوانەکانیدا ئەم قسەیە دووپات و چەندپات دەکاتەوە و دەڵێ: هەموو هەوڵمان دەبێ ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی ڕاگرین؛ بە نەمانی کۆماری ئیسلامی، ئێران هەڵدەوەشێتەوە. چونکە جیا لە کوردەکان نەتەوەکانی تریش ویست و داخوازی خۆیان دەهێننە گۆڕێ. سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران تەنیا هەستانەوەی کوردەکان بۆ ئێمە سەرئێشەی سازکردبوو. ئێستا نەتەوەکانی تریش داخوازی نەتەوەییان هەیە. سەرئێشەکە بەربڵاوتر دەبێ و بەرزەفتکردنی چەتوونە.

ئەکبەری گەنجی شرۆڤەکاری باڵی بەناو ڕیفۆرمخوازیش زۆر جار خەڵک وەخۆدەهێنێتەوە کە لە ئەگەری هێرشی دەرەکی یان شۆڕش، ئێران کاول دەبێت و بە دەردی سووریە دەچێ. دیارە ئەم دەستەیە سەر بە ڕێژیمن و لە هەندێک بواردا ڕەخنەیان لە ڕێژیم هەیە بەڵام چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییان قەبووڵە.

**با-** دەستەی دووهەم کەسانێکن کە خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامین. ئالترناتیوی دوای کۆماری ئیسلامی بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی سێکۆلار و دێموکرات دەزانن. بۆ کێشەی نەتەوەکانی ئێرانیش تا ئاستی باش بوونی باری ئابووری و مافی فەرهەنگی بەرتەسک و خوێندنی زمانی دایک دەچنە پێش. ئەم دەستەیە بەپێچەوانەی دەستەی یەکەم پێیان وایە مانەوەی کۆماری ئیسلامی، ئێران بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات بۆیە دەڵێن ئەگەر دەتانهەوێ ئێران یەکپارچە بمێنێتەوە هەوڵ بدەن و خۆتان ڕێک خەن با تەمەنی ئەم ڕێژیمە تێکەوە وەپێچین.

موجتەبا واحدی لە گرتەویدیۆییەکانی خۆی لە یووتیووبدا بەردەوام ئەمە دووپات دەکاتەوە. ڕەخنە لە دەستەی یەکەم دەگرێ کە ئێوە دەڵێن بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ئێران لێک هەڵدەوەشێ! نا وانییە! بەپێچەوانەوە مانەوەی کۆماری ئیسلامی، ئێران پارچە پارچە دەکا و هاوشێوەی سووریەی لێ دێ.

عەلیڕەزا نووریزادە بە بەشداری لە بەرنامەیەی «چشم انداز»ی «ایران اینترناشنال» ئەم قسەیەی دووپات کردەوە کە: بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی، ئێران هاوشێوەی سوورییەی لێ دێ. عەرەبی ئێرانی دەڕفێنن. بەلووچ و کوردی ئێرانی دەکوژن. دەنگی جیابوونەوە لەولا و لەملا دەبیستین. ئەمانە هەموو مەترسین بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ئێران. دیارە دەستە دووهەم شرۆڤەکانیان لە دەستەی یەکەم ڕێئاڵترە. لەباری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە هێزە کوردییەکان نزیکن بەڵام خاڵی جیاوازییان لەگەڵ هێزە کوردییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئەوڕۆیی پڕۆژەیان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران نییە. لە ناوەندەوە ڕێگاچارەی دڵخوازی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان دیاری دەکەن.

**ج-** دەستەی سێهەم ڕاوبۆچوونی نەتەوەکانی ئێرانە. حیزبی دێموکرات وەک پێشەنگی ئەم دەستەیە لە کاتی دامەزراندییەوە تا ئێستا سەرنجی داوەتە کێشەی نەتەوەکانی ئێران بەگشتی و کێشەی نەتەوەی کورد بەتایبەتی. هاوکات لەگەڵ بانگەشە بۆ حکوومەتێکی دێموکرات و سێکۆلار، دوکتور قاسملوو پڕۆژەی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی تیئۆریزە کرد .مافی چارەی خۆنووسینی بە مافی بێ ئەملاوئەولای نەتەوەکانی ئێران دانا. لە سەردەمی خۆی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێرانی بە باشترین شێوە دانا بەڵام گوتی نەسڵی من نەسڵی خودموختارییە لەوانەیە نەسڵەکانی تر جۆرێکی تر بیر بکەنەوە. حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی سێزدە بەدواوە بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە و ئێران هاتبوونە پێش و نەتەوەکانی تریش ئاستی وشیاری نەتەوەییان بەرز بوویەوە بۆیە دروشمی خودمختاری گۆڕی و کردی بە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ و باشترین ئاڵترناتیوی بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ دانا.

ڕوانینی حیزبی دێموکرات زۆر واقعبینانەتر و سەردەمیانەترە. باشترین پڕۆژەش کە پێش لە هەڵوەشانەوەی ئێران دەگرێ . ئەمە سیاسەتی دروست و ئوسوولی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە لە دوای کۆماری ئیسلامی، ئێرانێکی سەقامگرتوو و دێموکرات و پێشکەوتووی لێ شین دەبێ. ئاوڕنەدانەوە لە کێشەی نەتەوەکانی ئێران، ئەم وڵاتە بەرەو شەڕی نێوخۆیی و کاولکاری و سوورییەبوون دەبا، بۆیە ناوەندگەراکان نابێ پێداگری لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند بکەن. ڕووناکبیرێکی نێوخۆ دەڵێت: «ئەگەر ناوەندگەراکان دەیانهەوێ ئێران دابەش نەبێ دەبێ هێز و دەسەڵات دابەش بکەن». ئەم قسەیە هەمان ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدڕاڵە.

**حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی سێزدە بەدواوە دروشمی خودمختاری گۆڕی و کردی بە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ و باشترین ئاڵترناتیوی بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ دانا. ڕوانینی حیزبی دێموکرات زۆر واقعبینانەتر و سەردەمیانەترە. باشترین پڕۆژەش کە پێش لە هەڵوەشانەوەی ئێران دەگرێ**

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

**بەشی بیست و پێنجەم**

لە بەشی پێشوودا باسی NLP مان کرد، بە کورتی دەتوانین بڵێین NLP یانی بە وردی لێڕوانین بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن بە شێوازی کارکردی مێشکی مرۆڤ. بنەما یان فوندامێنتی NLPی مرۆڤەکان ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنەیە کە چۆن ژیان و ژینگەی دەورووبەری خۆیان، لە مێشکیاندا وێنا دەکەن. ئەو وێنانەش ئاکامی هەمموو ئەو بیروبۆچوون، زانیاری، تێگەیشتن و ئەزموونانەن کە لەدوای پاڵاوتنیان لە ناو مێشکدا دروست دەبن. NLP مێتۆدێکی بەهێزە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی دروست بۆ ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر ئەو وێنایانەی کە مرۆڤ لە نێو زەینی خۆیدا دروستی کردوون بە مەبەستی تێڕوانین و تێگەیشتنی باشتر و ئەرێنیتر لە ژیان و ژینگەی دەورووبەری. NLP ڕەوتێکە یان مێتۆدێکە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە لەوەیکە:

١. هۆکاری بیرکردنەوەی تۆ چییە کە بەو شێوە بیر دەکەیەوە؟

٢. هۆکاری تێڕوانین و بینینی تۆ چییە کە بەو شێوەیە دەیبینی؟

٣. هۆکاری ئەو کردەوەیە چییە کە تۆ دەیکەی؟

ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر خووڕەوشتە نەرێنییەکان، وڵامدانەوەیە بەو پرسیارانە کە NLP یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سیستماتیک کار لەسەر وڵامدانەوە و تێگەیشتنی ئەو پرسیارانە بکەی. ئەو پرسیارانە بۆ ئەوەیە کە باش تێبگەین:

.بۆ وا شتەکان دەبینین (دیتن و تێڕوانینمان)

. بۆ وا دەڵێین(بۆچوون و شێوازی قسەکردن، وشەکان)

. بۆ وا دەکەین(کردەوە، دژکردەوە و هەڵسوکەوتەکان)

NLP مێتۆدێکە بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنی ئەوەیکە مرۆڤ تاکەزیندەوەرێکە لە نێو سرووشتدا زیاتر لەوەی خۆی باوەڕی پێیە توانا و لێهاتووی شاراوەی (پۆتانسیەل) هەیە. NLP مێتۆدێکە بۆ گەشەپێدان بە ژیانی کەسیەتی و دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو توانا و لێهاتووییە پەنگخواردووانە. NLP بەشێوەیەکی زانستی یارمەتی و زانیاری دەدات بۆ دارشتنی قەوارە یان ستروکتوری بیرکردنەوەکان، هەڵسوکەوتەکان، پێوەندییەکان(زمانەوانی ) و هەستەکان هەروەها بۆ گەیشتن بە ئاکام و دەستکەوتی باشتر بەشێوەیەکی سیستماتیکی.

Nevro Lingvistisk) Programmering) و بنەماکانی NLP: پرۆگرامسازی زمانەوانی کۆئەندامی دەمارە هەستەکان

N کورتکراوەی Neuro و بەمانای کۆئەندامی دەمارە هەستەکان و ڕۆڵێکی گرنگی لە کردار و ڕەوشت و ژیانی مرۆڤدا هەیە. لێرەدا باس لە زانستەکانی کۆئەندامی دەمارە هەستەکان دەکرێت، وەک: چۆن بیردەکەینەوە، شێوازی دژکردەوەمان چۆنە و هەروەها کاریگەری ئەوانە لەسەر هزر و هەستەکانمان چۆنن. بەواتایەکی دیکە لێکۆڵینەوە و تاوتوێی هەموو بابەت و ڕووداوێک لەڕووی هەست و بیروڕای خۆتەوە بکەی یان گوێدان تەنیا بە هەست و بیر و تێڕوانینی خۆت، مەبەست پێنج هەستەوەرەکانی مرۆڤە وەکوو:

١.دیتن(بینایی )

٢. بیستن

٣. بۆنکردن

٤. چێشتن

٥. بەرکەوتن(لەمس کردن)

ئەوە شتێکی ئاسایی و سروشتییە کە مرۆڤ بۆ ڕاپەڕاندن یان بەجێگەیاندنی هەر کارێک کەڵک لەو پێنج هەستە وەردەگرێت و ئەو پێنج هەستە وەک کاناڵی گواستنەوەی زانیارییەکانن بۆ مێشکی مرۆڤ.

Nevro: شێوازی کارکردی بیرو هۆش و مێشکی مرۆڤە. پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی لە ڕێگای ئەو پێنج هەستەوە دەکرێ کە لەسەرەوە باسم کردن.

L کورتکراوەی Linguistisc تایبەت بە زمانەوانییە. تایبەتمەندییەکانی زمان وەکوو: شێوازی قسەکردنمان، توانای پێوەندی دروست کردن و کاریگەری ئەوانەش لەسەر خۆمان و هەمیش لەسەر دەوروبەرمان؛ یانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پێوەندییەکان.




زمان مکانیزمێکی کۆمەڵایەتییە بۆ تێگەیشتن و گواستنەوەی بیروڕا و زانیاری. یان بەواتایەکی دیکە پێداویستییەکی دروست کردنی پێوەندییە.

هەروەک دەڵێن زمان پێناسەی گەلە و گەلێک زیندوویە کە زمانەکەی زیندوویە. زمان کەرەستەی دروستکردنی کولتورە و هەروەها گواستنەوەی ڕەوشت و کەداری جیلێک بۆ جیلی داهاتوویە. لە ڕێگای زمانەوە دەتوانین هەستەکان، بیرەکان و ئاواتەکانمان دەربڕین. وشەکان دەبنە پردی نێوان تاکەکان و جیهانی دەرەوە و دەبنە هۆکار بۆ دروست بوونی پێوەندی. هێندێک جار مرۆڤ بەبێ بیرکردنەوە و ویستی پێشەکی، ‹›وشەیەک››ی ناخۆش بەکار دێنێت لە بەرامبەر هەستێک کە لەنێو مێشکیدا پاڵاوتراوە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری دروست بوونی پێوەندییەکی ناخۆش. وێنایەکی دیکە لە مێشکدا ئەوەیە کە پێوەندی بە هەست و وشەپاڵاوتنەکانەوە هەیە، هەروەها شێوازی کارتێکەری ئەو دووانە(هەست و وشە) لەسەر یەکتر. NLP لە ڕێگای زمانەوە یارمەتی دەدات بۆ شیکردنەوە یان ڕوونکردنەوەی ئەو وێنایانەی کە لە مێشکدا دروست دەبن.

Linguistisc: شێوازی کارتێکەری زمان لەسەر کارکردی بیروهۆش و مێشکی مرۆڤە. دروست بوونی پێوەندی لە ڕێگای وشەکانە، وشەکانیش فۆرم دروست دەکەن و دەزرینگێنەوە (دەنگ دەدەنەوە).

P کورتکراوەی Programming ە و بە مانای بەرنامەڕێژی یان پرۆگرامسازییە. ڕەوتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکان پێوەندی بە دوو سەرچاوەی دیاریکراو لە نێو مێشکدا هەیە، ئەو دوو سەرچاوەش لەسەرەوە ئاماژەم پێدان NL. کاتێک لە ناو مێشکدا هەستە فیلتێرکراوەکان لەگەڵ ئەزموونەکانمان لەڕێگای زمانەوانییەوە پێکەوە خۆ لەیەک دەدەن و دژکردەوەمان لە لا دروست دەبێت. ئەو دژکردەوانە هەڵسوکەوتی ئێمە دیاری دەکەن. هۆکاری جیاوازی دژکردەوەکان لە کاتە جیاوازەکاندا پێوەندی بەو دوو سەرچاوە هەیە و هەروەها ئەو دژکردەوانەش لە کەسێکڕا بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن و شتێکی بێ هاوتا و تایبەتە بە تاکی مرۆڤ خۆی. هەر کاتێک ئێمە ڕووبەڕووی ڕووداوێک دەبینەوە و هەمان دژکردەوەمان دەبێت کە پێشتریش لەگەڵ ئەو ڕووداوە ڕووبەڕوو بووینەتەوە. لە NLPدا ئەو شێوە دژکردەوانە بە بەرنامەڕێژی دژکردەوە بەبێ بیرکردنەوە و ویستی پێشەکی ناو دەبات. ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئێمە مرۆڤەکان دەتوانین کۆئەندام یان دەمارە هەستەکانی خۆمان بەرنامەڕێژی بکەین. بەرنامەڕێژی وەکوو: شێوازی بەرنامەدانان، تێکۆشان و هەنگاوهەڵێنانەوەکانمان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکان، گەیشتن بە ئامانجەکان یان شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت کردنمان. لەو ڕێگایەوە دەتوانین ژیانمان بگۆڕین، دەتوانین کۆنترۆڵی هەستە نەرێنییەکانمان بکەین و لەگەڵ هەستی ئەرێنی جێگۆڕکەیان پێبکەین. دەتوانین باشتر و زووتر بە ئامانجەکانمان بگەین.

:Programming

بەرنامەڕێژییەکی پێشوەختەیە کە بەبێ بیرکردنەوە و ویستی پێشەکی داڕێژراوە، هاندەرە بۆ دژکردنەوە چ پێمان خۆش بێت و چ پێمان خۆش نەبێت. هێندێک جار دژی خۆمان بێ ئیرادە و خۆکار یان بە شێوەی ئۆتوماتیکی(لە خۆوە بەبێ بیرکردنەوە یان ویستن شتێک دەکەین)، هەست و ئەزموونەکانی پێشوو وا دەکەن کە مرۆڤ دژکردەوەی هەبێت. کەواتە NLPیانی شێوازی کەڵکوەرگرتن لە زمانەوانی دەمارە هەستەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی باشتر، بۆ دروست کردنی پێوەندی، بۆ گۆڕینی هەستە نەرێنییەکان، بۆ گرنگیدان بە ئەزموونەکانی ژیان، بۆ باشتر بیرکردنەوە و دیاریکردن یان هەڵبژاردنی ڕێگای باشتر بۆ گەیشتن بە ژیانێکی خۆشتر، بۆ هتد. بەگشتی ناسینی کەسایەتی خۆت، شێوەی بیرکردنەوە و پێوەندی گرتن لەگەڵ ناخی خۆت، کارتێکەری لەسەر کۆئەندامی هەستەکانت دەبێت. ئەوەی باش بزانە شێوازی بەکارهێنانی وشەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی بێخەوش و سالم و ئەرێنی. هەروەک دەڵێن وشەیەک دەتوانێت ماڵێک ئاوەدان بکات یان ماڵێک وێران بکات. دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە (١٨٠٠) لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کێڵگەی چاندن و کێڵانی لۆکە کۆیلەیەک زۆر نەخۆش دەبێت و پێویستی بە دەرمان دەبێت بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات. کۆیلەکە تەنیا بە نانەزگ کاری کردووە و هەر بۆیە هیچ پارە و دراوێکی نەبووە تا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بەکاری بێنێت. کچی کۆیلەکە، کچێکی باریکەڵانە بە کراسی دڕاو و چاوی فرمێسکاوی لە پێش پیاوێکی بە هەیکەل و تازیانە(شەلاق) بەدەست کە سەرپەرستی کۆیلەکانی دەکرد بە نیشانەی ڕێزلێگرتن سەری داختبوو و ڕاوستابوو، هەتا داوای یارمەتی لێبکات. بە ترس و دڵەڕاوکێ دەستی پێکرد و گوتی ببورە گەورەم، «دایکم نەخۆشە و پێویستی بە نیو دۆلار پارە هەیە بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات.» پیاوەکە بەسەریدا گوڕاندی و گوتی: «ئەوە لەبیر بکە.» پشتی لە کچەکە کرد و دەستی کرد بە ڕۆیشتن. کچەکە خێرا چوو پێشی و ڕاوەستا و گوتی: «دایکم نەخۆشە و پێویستی بە نیو دۆلار پارەیە بۆ ئەوەی چاک بێتەوە.» پیاوەکە تازیانەکەی بەرز کردەوە و بە کچەکەی گوت: «لاچۆ لە پێشم دەنا تازیانەکت لێ ڕادەکێشم.» ئەو شێوە هەڵوێستەی پیاوەکە کارتێکەری لەسەر کچەکە دانا و هەروەک تەلەسم یان سیحری لێ بکرێت، پشتی ڕاست کردەوە و چووە پێش پیاوەکە و چاوی لە ناو چاوی بڕی. پیاوەکەش وەک قەڵاتێکی (بورج) گەورە بە سەر کچەکەدا شۆڕ بۆوە. کچەکە بەبێ چاو تروکاندن و بە دەنگێکی بەرز و نەترسانە گوتی: «دایکی من پێویستی بە نیو دۆلارە بۆ کڕینی دەرمان و ئەگەر نەمدەیەی ئەوە ئەو دەمرێت.» کچەکە پێشی کابرای هەر بەر نەدا و لە بەرابەری بەبێ چاو تروکاندن ڕاوستا. پاش خولەکێک کابرا بە بزەیەکی ڕێزدارانە چاوی لە کچەکە کرد و لەنەکاو دەستی بۆ گیرفانی برد و بەبڕی دۆلارێک پارەی وردەی دەرهێنا و فڕێیدا پێش کچەکە. کچەکە زۆر بەخۆشی و بەهەبوونی هەستێکی سەرکەوتووانە پارەکەی کۆ کردەوە و هەڵاتەوە ماڵێ بۆ ئەوەی پارەکە بدات بە دایکی. لێرەدا دوو پرسیار دروست دەبێت:

١. ئەو کچە ئەو ئیرادە و توانایەی لە کوێڕا هێنا کە توانی کاریگەری لەسەر بەخۆفترین پیاوی ناو کێڵگەکە هەبێت و ڕازی بکات بۆ ئەوەی پارەی بداتێ؟

٢. کاتێک کابراکە بە بزیەکی ڕێزدارانە چاوی لە کچەکە کرد، پێت وایە لەو کاتەدا ئەو پیاوە بیری لە چ کردبێتەوە؟

کۆئەندامی هزر و خەیاڵ بەپێی ویست و پێداویستی کار دەکات. هەر چەندە تۆ سوور بی بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتەی کە پێویستتە، هەر ئەوەندەش بیرکردنەوەکەت پەرە دەستێنێ. هەر بۆیە بۆ ئەوەی کۆئەندامی هەستە دەمارەکانی مێشک پلانی باشی هەبێت، هێندێک پرسیار گرنگی خۆیان هەیە و باشە ڕەچاویان بکەین وەکوو:

١. پلانم بۆ داهاتوو چۆن بێت؟

٢. چۆن بەو قۆناغە بگەم کە ئاواتمە؟

٣. چۆن لەگەڵ خۆم و کەسانی دیکە بە باشی هەڵسوکەوت بکەم؟

٤. بە چ شێوەیەک لەو ئەرکەی وەئەستۆم گرتووە سەرکەوتوو بم؟

٥. بە چ شێوەیەک پسپۆڕ یان شارەزا دەبم لەو کارەی کە دەیکەم؟

٦. چۆن ژیانێکی خۆش بۆ خۆم پێک بێنم؟

٧. چۆن سەرکەوتن بە دەست بێنم؟

٨. چۆن بەسەر کێشە و گرفتەکانمدا زاڵ بم؟

٩. چۆن بەربەستەکانی سەر ڕێگام لا بەرم؟

١٠. چۆن وشیاری و توانایی خۆم زیاد بکەم؟

هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە ئاماژەن بۆ ئامانج و چالاکی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان و دونیای دەورووبەرمان. بۆ ئاڵوگۆڕ هێنان بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە پێمان باش نین یان شتی باشترمان ئامانج بێت. ئەوە کۆئەندامی هەستە دەمارەکانی مێشکە کە ڕوانگە و بۆچوونەکانت دیاری دەکات بۆ ئەوەی بزانی چۆن بە ئامانجەکانت بگەی، چۆن لەبەرابەر کێشە و گرفتەکانتدا ڕاوەستی چ لە ڕووی جەستەیی(پێوەندیدار بە لەش) و چ لە ڕووی هزریش (دەروونی )، چۆن بتوانی دوای نسکۆ(شکان) هەستیەوە سەرپێ، چۆن ژیانی خۆت خۆش و ئارام بکەی و چۆن ...... و هتد.

دەبێ ئەوەی بزانین کە هەموو هەڵسوکەوت و کردەوەکانی ئێستای ئێمە بە هۆی بەرنامەڕێژییەک بووە کە لە ڕابردوودا لە لایەن کۆئەندامە هەستەکانمان دروست بوون و ئێستاش خەریکی دروستکردنی داهاتوومانین. هەربۆیە دەتوانین بە وریایی و کەڵکوەرگرتن لە NLP هەڵسوکەوت و کرداری ئەرێنی بۆ داوڕۆژی خۆمان بەرنامەڕێژی بکەین. هەر کردارێک کە چەندجار دووپات بێتەوە دەبێت بە هەڵسوکەوت و خوو و لە بەردەم بوونیشیدا کلتور دروست دەبێت. هەر بۆیە بە دووپات و چەندپاتکردنەوەی بیری ئەرێنی دەتوانین بیرە نەرێنییەکانمان لە خۆ دوور کەینەوە و ئەوەش هۆکار دەبێت بۆ دروستبوونی هەست و ڕەوشتی ئەرێنی. NLP مێتۆدێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پلان و بەرنامەی باشمان هەبێت بۆ داهاتوو و یارمەتیدەریشە بۆ زووتر گەیشتن بە باشترین ئامانج.

بە یارمەتی NLP بە چی دەگەین؟

. نەترسان لە ئاڵوگۆڕ یان گۆڕانکاری بە مەبەستی باشترکردن.

. دیاریکردنی ئامانجی باش و دۆزینەوەی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان.

. بەهێزکردنی توانا و لێهاتوویی بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە.

. زیادبوونی هۆ و ویست بۆ ژیان کردن.

. گەیشتن بە هەڵسوکەوتێکی باش و ئەرێنی.

. هەبوونی توانا بۆ دۆزینەوەی بەربەستەکان و لابردنیان.

. بەهێزکردنی باوەڕبەخۆبوون.

. دووربوونەوە لە گوشاری ڕۆحی و هەستە نەرێنییەکان.

. دۆزینەوەی توانا شاردراوەکان یان پەنگخواردووەکان.

. خۆخۆشویستن و گەشەدان بە توانایی و لێهاتوویی.

## ٣,٦ تێڕوانین وتێگەیشتنمان لە جیهان و ژینگەی دەورووبەرمان

فیلەسوفی ئینگلیزی David Hume (١٧١١-١٧٧٦) دەڵێت: ‹›هەموو کات هەستەکان دژکردەوە یان وڵامدانەوەن بەو کردەوانەی کە ڕوو دەدەن.›› ئەوە هەستە کە دەبێت بە بیرۆکە و پاشان بە بەرپەرچدانەوە یان دژکردەوەی ئەو بیرە. هەر بۆیە دەبێ وریا بین و زۆر باوەڕ بە خەیاڵات نەکەین. ئێمە دەبێ جیاوازی لە نێوان ئەو ڕاستییە و ڕووداوانە دابنێین کە لەسەر هێندێکیان ئەزموونمان هەیە و لەسەر هێندێکیش بێ ئەزموونین. ئێمە هەمووومان یەک شێوە تێگەیشتنمان لەسەر ژینگە و ئەو کەسانەی لە دەورووبەرمانن هەیە و وابیردەکەینەوە دەڵێین کە:

- جیرانەکان بە گشتی کونجکۆڵن یان حەز دەکەن نهێنی یەکتر بزانن.

- هێندێک کەس و بەتایبەت سیاسییەکان تەنیا بیر لە یەک شت دەکەنەوە.

- لە زۆر وڵاتان کێشەکانیان لە ڕێگای توندوتیژی چارەسەر دەکەن.

- من دەزانم کە فلان کەس، ئەو کارەی کرد لەبەر ئەوەی منی خۆش ناوێت یان لەبەر فلانە شت و ... هتد.

لە پرۆسەی ژیانی خۆمان و بەپێی ئەو ئەزموون و تاقیکارییانەی کە کردوومانن هێندێک بیرکردنەوەمان لە لا دروست دەبێت و وەک نەخشەیەک لە زەینی ئێمەدا جێ دەگرێت. ئەو نەخشەیە وەک بەرنامەی کاری پێشوەختی زەینی، لەسەر کردەوە، دژکردەوە، سنووردانان و هەلومەرجەکان بڕیار دەدات. یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەوە «ڕاستییەتی یان هەقیقەت» نییە کە سنوور بۆ ئێمە دیاری دەکات و هەلی تازە و گونجاومان بۆ دەرەخسێنێ، بەڵکوو شێوەی تێگەیشتنی ئێمە لەو ڕاستییەیە» کە خۆمان پێمان ڕاستە.

## شێوازەکانی جێگۆڕکێ

Joseph O›Connor (١٩٦٣ - ) نووسەری بەناوبانگی ئیرلەندی باوەڕی وایە کە هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات، ئەگەر ئێمە بەر لە هەر شتێک دەستنیشانی خوو و ڕەوشتی خۆمان نەکەین. بەتایبەت ئەو خوو و ڕەوشتانەی کە دەمانهەوێت ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنین. زۆر جار کارێک دەکەین بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە. کاتێک بێ هیوا دەبین دەتوانین ڕاهێنەری بکەین بۆ وەدەستهێنانەوەی هیوا و بە ئاکام گەیشتن و ئاڵوگۆڕهێنان بەسەر خوو و ڕەوشتە نەرێنییەکان، یان بە وتەی O›Connor جێگۆڕکێ کردن بە خوو و ڕەوشتەکانمان. وێنەی خوارەوە یەکێک لە شێواز یان مۆدێلەکانی جێگۆڕکێ O›Connor بە شێوەی بازنە لەسەر ڕاهێنەری کردن پیشان دەدات بە مەبەستی وەدەستهێنانەوەی هیوا لە کاتی بێهیوا و ناهومێدبووندا. بەپێی وێنەی سەرەوە کاتێک مرۆڤ لە کارێک یان شتێک ناهومێد یان هیوابڕاو دەبێت، ئەو کاتە قەڵسی و بێزاری ڕووی تێدەکات کە ئەو بێزارییە دەبێتە هۆکاری بەرەنگاربوونەوە و ڕقەبەرایەتی کردن، لەو کاتەشدا دڵەڕاوکێ و شڵەژان ڕووی تێدەکات و واهەست دەکات کە لە جێگایەکدا چەقیوە یان بێ ئاکام و بێ ڕێگاچارە ماوەتەوە. کەواتە لەو کاتەدا یارمەتیدان و پشتیوانی زۆری پێویستە، لێپرسینەوە و پاڵپشتی کردن بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی وەئەستۆ بگرێت و دەست بکات بە ڕاهێنەری بە مەبەستی گۆڕانکاری و هەستانەوە. لەو کاتەدا لە یەکەم هەنگاودا پێداچوونەوە بە کردەوە و کارەکانی گرنگە بۆ جێگۆڕکێ کردن و گۆڕینی بیروڕا. ڕاهێنەری کردن بە مەبەستی فێربوون و گۆڕینی خوو و ڕەوشتەکان بۆ ئەوەی دیسان تووشی هەڵەکانی پێشوو نەبێتەوە.

# ئەدەبیاتی بەرگری

## «بۆ یادی جەلال مەلەکشا؛ شاعیری ئەدەبیاتی بەرگریی کوردستان»

**ساماڵ ئەحمەدی**

ئەدەبیاتی بەرگری، یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیاتە کە لە ژانرە جۆراوجۆرەکاندا، هەڵوێست و دەروەستیی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەنووسێتەوە و، وەکوو بەرەنگاربوونەوەیەکی سرووشتی و خۆزاییی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو هێزانەدا ڕاست دەبێتەوە کە سەرچاوە فەرهەنگی و شارستانەتییەکانی لێ دەخەنە مەترسییەوە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، بەرەنگاربوونەوەی ستەم و فیداکاریی نەتەوەیەک لە بەرانبەر داگیرکەران و دەستدرێژیکەراندا وێنا دەکات و دەخوازێت بە وەسفە هونەرییەکانی ورەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی نەتەوەیی لە بەرانبەر دژمندا هان بدات. بەسەرداهاتنی جەنگ کە دیاردەیەکی تاڵ و زیانبارە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی بەرگرییە. ئامانجی ئەوانەی جەنگ هەڵدەگیرسێنن یان بۆ ئەوەیە کە سەریەتی و گەورەیی نەتەوایەتیی و فەرهەنگیی خۆیان بەسەر لایەنی بەرانبەریاندا بسەپێنن، یان لەپێناو داگیرکەری و دەسەڵاتخوازی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی ماددییدا جەنگ وەڕێ دەخەن. ئەدەبیاتی بەرگری، ئەدەبیاتێکی دژی جەنگ و ڕیسواکەر و ڕەخنەگری جەنگە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتێکی ئەزموونییە و لە مێژووی مرۆڤدا نموونەی زۆرە.

ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە لە بەژنی پێشینەی فەرهەنگی و سیاسیی مێژوومان هاڵاوە. لەڕاستیدا نەک هەر لە یەکەمین دەقەکانی ئەدەبیاتی نووسراوماندا، بگرە لە ئەدەبی زارەکییشماندا هاواری بەرگری مۆنج دەداتەوە. تێگەیشتن لە ڕازی ئەم بەردەوامییەی ئەدەبی بەرگری لە مێژووی ئەدەبیاتەکەماندا دوورەدیمەنێکی پاتەوەبوو دێنێتە بەرچاومان کە زۆر جار دەکەوێتە بەر تیری تانە و ڕەخنەی ئەدەبی بەرگرییەکە خۆی؛ دەقەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلا مارفی کۆکەیی و سەیفولقوزات و عەبدوڵڵا پەشێو و ...تاد.

بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی بندەستیی نەتەوایەتی و داگیرکراویی خاک و بەکۆلۆنیاکردن و دابەشکردنی نیشتمانەکەمانە، بەشێکی بەرچاویشی هاندانی مرۆڤی کوردە بۆ لای هێماکانی شارستانەتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستی و پیشەسازیی ڕۆژاوای دنیا، وەکوو پیشەسازیی چاپ، سیستەمی خوێندن، دروستکردنی قوتابخانە، دەرکردنی ڕۆژنامە و دادپەروەری، ئازادی، ماف، ئەرک، یەکسانیی ژن و پیاو و... تاد.

سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ
ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان
.
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبتوڕەبتی میللەت
دەینێرنە ئورووپا گەورە و بچووکی خۆیان
‹›حاجی قادر کۆیی››

کوردینە، تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆ مە نەبێ چ خودان و خێو
.
بۆ ئاسمان دەڕۆن و لە بەحرا دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سەنعاتە وەرد و شێو
ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەڵان
جێی وانە تەخت و بەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو
«سەیفولقوزات››

من تەشیرێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ
‹›هێمن››

هەرچەندە بابەت و گوتار و بەرهەمەیلی فەرهەنگی لە هەموو دەورە، یان سەردەمێکدا بە شێوەیەکی جیاواز بەدیار دەکەون، بەڵام ئەدەبی بەرگریی ئێمە زنجیرەیەکی تێکئاڵقاو و نەپساوەیە و تەنانەت زۆر بە کەمی بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە گوتاری خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەگەر دەقێک جودا لەو زنجیرەیە خۆی بنوێنێت، نە ڕەمێنێکی وای دەبێت و نە کاریگەری و پەسندێکی ئەوتۆی ڕای گشتی دەستەبەر دەکات. لەوانەیە هۆکارەکەی درێژبوونەوەی ڕەنج و بەدینەهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بێت کە خۆی جێی تێڕامان و لێکۆڵینەوەی بابەتییە.

بەشێک لە توێژەرانی بواری ئەدەبیات لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەدەبیاتی بەرگری، لە سەردەمێکدا بە گوێرەی بارودۆخی ڕۆژگار ڕەمێنی دەبێت، بەڵام بەدوای گۆڕانی بارودۆخەکەدا (سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی) ناچالاک دەبێت و لە گۆڕەپانی ئەدەب کلا دەکرێت. بەلای بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانەوە، ئەم بۆچوونە وەک ‹›حوکمێکی گشتی›› ڕاست نییە، بەڵام لە لایەنی پێویستیی گۆڕانی گوتار و شێوازی دەربڕین بە گوێرەی پێداویستیی کات و شوێن جێی لێوردبوونەوەیە؛ یەکەم لەبەر ئەوەیکە لە مێژووی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی دنیادا هیچ سەردەمێک نییە کە بەرەنگاربوونەوەی کەموکوڕییەکان وشکاوی بێت و لە شێعر و وتە و واتای نووسەران و شاعیرانی ئەو نەتەوەیەوە نەدەڵێت؛ ئەوپەڕەکەی بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ، شێوەی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی بەرگری گۆڕانی بەسەردا دێت و خۆی بۆ گەیاندنی دۆخ و گوتاری هەییی کۆمەڵگە دەگونجێنێت. هەرچۆنێک بێت ئەدەبیاتی بەرگری هەر هەبووە، جا لە فۆرمی شێعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان و هەر ژانرێکدا، هەبوونی خۆی نیشان داوە. دووەمیش لەبەر ئەوەی بەتایبەتی ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە، کە دەربڕی ئەو ڕەنج و ستەمانەیە وا بە درێژاییی مێژوو بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە و خاکی نیشتمانەکەمان پارچە پارچە کراوە، بەردەوام سەکۆی نواندنی لێکدژەکان بووە؛ مەرگ لە بەرانبەر ژیاندا، ئازادی و سەربەستی لە بەرانبەر ژێردەستیدا، ستەملێکراو لە بەرانبەر ستەمکاردا و ...تاد. خۆ ‹›ڕەنج و ستەم››، ‹›مەرگ و ژیان›› و ‹›ئازادی و بندەستی›› کۆمەڵێک بابەت و واتای سەردەمی نین، ئەوەندە نەبێت کە لەوانەیە لە هێندێک قۆناغدا ڕوونتر بن. بۆیە ئەدەبیاتی بەرگری، وەک سەکۆی نواندنی لێکدژەکان هەرگیز ناچالاک نابێت.

لەڕاستیدا دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێت هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لەلایەکەوە دەزانین چییە و، لەلایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە؛ تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرانبەر کەموکووڕیی ڕاستەقینە و سرووشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە. شاعیری ئەمریکاییی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، جۆزێف برۆدسکی (خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ۱۹۸۷ی پێ بڕا)، دەڵێت:



‹›هونەر، شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرانبەر کەموکووڕییەکانی ڕاستەقینەدا››. لەم ڕووەوە ئیتر هونەری ئەدەبیات تەنیا لاساکردنەوەی سرووشت نییە، بگرە جۆرێک ڕاسانە لە بەرانبەر ڕاستەقینەی هەیی و هەڵوەشاندنەوەی و، دووبارە ئافراندنەوەی ڕاستییەکی بزر. ئەم ئافراندنەوەیە بە لەکارهێنانی تەواوی کەرەستەکان و پێداویستییەکانی زمان دەکرێت، واتە گوتاری ئەدەبی کۆمەڵێک توخمی جیاوازی سیستەمی زمان دەخاتە خزمەت خۆیەوە و چۆنایەتییەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێت، ئەو چۆنایەتییانەی کە لە گوتاری ئەدەبیدا بە زمان و توخمەکانی دەدرێن، لە زمان و کردەوەکانی زمان دەکەونەوە و باری هەرمان بە دەق دەبەخشن.

یەکێک لە تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی بەرگری، تیۆریی ‹›دەروەستی››ی فەیلەسووفانی فەرەنسایی و مارکسیستەکانە. هۆکاری مێژوویی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە بارستاییەکی زۆری ئەدەبیاتی ڕۆژاوا و تەنانەت ئەدەبیاتی سەدەی ڕابردووی کوردییش سەر بە ئەو ڕەوتە هزرییەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ‹›دەروەستی››ی ئەدەبی، بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ و ترۆتسکی و ... ئەو بنەما تیۆرییە بەهێزانەن کە پاڵیان پێوە دراوە. هەرچەند تیۆریی ‹›ئەدەبیاتی دەروەست››ی مارکسیستی لە ڕۆژاوا بەرەبەرە کاڵ بووەوە، یەکەم لەبەر ئەوەیکە دۆخی کۆمەڵایەتیی دوای جەنگی دووهەمی جیهانی توخمە هاندەرەکانی نووسەری بۆ دەروەستی لەنێو برد و، یەکێتیی سۆڤییەت وەک ناوەندێکی سەقامگرتووی مارکسیستی بە ڕەفتاری توندوتیژ و گوشارخستنە سەر نووسەران، ناچاری دەکردن بەرەو ڕۆژاوا ڕا بکەن. هەروەها لە نێوان بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ وەکوو ڕێبەرانی ئەو تیۆرییەدا جوداوازیی قووڵ پەیدا بوو، سارتر باوەڕی بە لەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕێبازی خەباتدا هەبوو، کەچی کامۆ پێی وابوو کە بۆ گەیشتن بە سەقامگیربوونی دادپەروەری و ئازادی دەبێ توندوتیژی وەلا بنرێت. ئەو هۆکارانە بواریان بۆ تیۆریگەلی مۆدێرن و بنەماکانی هزری ماتریالیستیی ڕۆژاوا خۆش کرد تا ئەدەبیاتی بەرگری لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات پێناسەی نوێ هەڵبگرێت. یەکێک لەو پێناسانە ئەوەیە کە لە ڕێی تیۆریی ئەدەبیی ‹›پاش کۆلۆنیالیزم››ەوە دەکرێت کە یەکێک لە فرەجۆرترین تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ئەدەبیاتی ئێستایە و پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی ‹›ڕۆژهەڵاتناسی››ی ئیدوارد سەعید پەیدا بوو. ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالیستی لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی ڕزگاری لە داگیرکەر و کۆلۆنیالیست و ڕەوتی گۆڕان و سەربەخۆییی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو گەلانە دەکۆڵێتەوە کە لە بندەستی کۆلۆنیالیست ڕزگاریان بووە، یان هێشتا بە تەواوی ڕزگار نەبوون. گرینگترین توخمە پێکهێنەرەکانی ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالیستی بریتین لە: جوداکردنەوەی خۆ لە ئەوی تر، ژیاندنەوەی هەویەتی (شناس)، بانگەوازی یەکگرتن و یەکیەتی، دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەری و تاڵان و بڕۆ، بەرزکردنەوەی ورەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ڕۆژهەڵاتناسی (لە ئەدەبیاتی کوردیدا کوردستانناسی و کوردناسی).

لە پاش شەڕی چاڵدێران (۲۳ی ئاگوستی ۱٥۱٤) و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا، کۆمەڵێک میرنشینی کورد لە کوردستانی بندەستی عوسمانییەکاندا دامەزران کە سەرباری ناکۆکیی نێوخۆیان و دنەدانی عوسمانییەکان بۆ بەردەوامیی ئەو ناکۆکییانە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی لە سێبەری ئەو میرنشینانەدا بەدیار کەوت و گەشەی کرد و شاعیرانی وەکو مەلایێ باتێ، مەلایێ جزیری، عەلی هەریری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییان خولقاند. بەرهەمە گەورەکەی ئەحمەدی خانی، داستانی ‹›مەم و زین›› و شێعرەکانی فەقێ تەیران و ... هەر لەو بەرەبەیانەی دەقی کوردییەوە وەک ئەدەبی بەرگریی کوردی بۆ بووژاندنەوەی هەویەتیی کوردی هاواریان کرد. دواتر لە سەدەی ۱۸ی زایینیدا پاش ئەوەی کەریم خانی زەند، لە هۆزی کوردانی زەند، کە دایکیشی لە کوردانی زەنگەنە بوو، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئێرانی بە دەستەوە گرت، لەو بەشەی کوردستانیش ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی سەری هەڵدا و شانامەنووسانی وەکوو ئەڵماس خانی کەنوولەیی و شاعیری داستاننووسی وەکو خانای قوبادی و ... تاد، گەشەیان کرد و لە بەرهەمی ئەوانیشدا ئەدەبی کوردی بانگ بۆ زیندووڕاگرتنی هەویەتیی کوردی دەدات:

جە لای عاقڵان، ساحێب عەقڵ و دین
دانا بزورگان کوردستانزەمین
ڕاسەن مواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن
پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش
مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش
‹›خانای قوبادی››

دواتر لە سەردەمی میرانی ئەردەڵان و بابانیدا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی زیاتر گەشەی کرد و ‹›تەبعی شەککەرباری›› شاعیری کورد ‹›ئیمتیحانی›› خۆی دەکرد و هەست و دەروەستیی بووژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و داستان و ئەفسانەی کوردی بەرەنگاری دەیان سەدە بێدەنگیی ئەدەبیات و زمانی کوردی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووەوە، تا لە کۆماری کوردستاندا بەرگ و فۆرم و زمانێکی نوێی بە بەردا کرد و تا ئێستاش ئەو ئەدەبیاتە هەر بەردەوامە لە گەشە و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی.

بابەتی ئەم یادداشتە کە بە بەرییەوە هەیە بە مێتۆدی وتارێکی زانستی لەدووی بدرێت، لێرەدا بە ئەنجامگرییەکی کورت دەبڕمەوە کە ئەدەبیاتی بەرگری، جۆرێکی ئەدەبییە، لە سەرەتای ڕەوتی ئەدەبی نووسراو و کلاسیکی کوردییەوە هەیە و بە چەندین دەورەدا تێپەڕیوە و تا گەیوەتە ئەمڕۆش بەردەوامە لە بووژاندنەوەی هەویەتی کوردی.

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 790 • 4 January 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی سەرماوەزی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندارбوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی بەفرانبار، جەوانمیر مورادی چالاکوانی کرێکاری لە کرماشان، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئێتلاعاتییەکان:

حەیدەر قوربانی، کرێکاری بیناسازیی خەڵکی شاری کامیاران، بانگهێشتی لقی ٢ی دادگای ئینقلابی شاری شەهریار کرا. ئەو ئەندامەی یەکیەتیی کرێکارانی ئازادی ئێران، دەبێت ڕۆژی ٢٢ی بەفرانبار، بۆ پێڕاگەیشتن بە تۆمەتە وەپاڵدراوەکانی «ئەندامبوون لە دەستە یان کۆمەڵ یا لقی کۆمەڵەکان، کە لە ناوخۆی ئێران بە مەبەستی تێکدانی ئەمنییەتی ئێران دروست کراوە و پڕۆپاگەندە دژی نیزام» لە لقی ٢ی دادگای ئینقلابی شاری شەهریار، ئامادە بێت.
ڕۆژی سێشەممە ٩ی بەفرانبار، «فەریدە وەیسی» و «سیروس عەباسی»، دوو چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری «دێولان» پاش دەرکرانی حوکمی دەسبەسەرکرانیان، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی دادگا، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکان دەسبەسەر و بۆ لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری «سنە»، ڕاگوێزران.

### مەحکووم کرانی هاووڵاتییان بە زیندان:

٥ هاووڵاتیی خەڵکی سەقز بە ناوەکانی «ڕەحمان ڕەحیمپوور، هیوا ئەمینی، ئارمیا ڕەنجبەری، وریا ئەمینی و عەلی قادری» بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە لە بەرژوەندی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران» لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سەقز بە زیندان مەحکووم کران.
بەپێی حوکمی داسەپاوی دادگا، «ڕەحمان ڕەحیمپوور، هیوا ئەمینی، ئارمیا ڕەنجبەری» هەر کامیان بە ١٠ مانگ زیندان و «عەلی قادری بە ٧ مانگ و وریا ئەمینی بە ٨ مانگ زیندان» مەحکووم کراون.
هەروەها ئارمیا ڕەنجبەری بە تۆمەتی «بێڕێزی بە ڕێبەری» بە ١٣ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کراوە
دادگای ئینقلابی سەقز، هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی «سوبحان (ڕاشد) ئەحمەدی» کوڕی جەلیل و خەڵکی شاری کامیاران، بەبێ ئامادەبوونی خۆی بە ساڵێک و یەک ڕۆژ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد.
دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عومەر خاگزادە و عەباس سدیقی» خەڵکی گوندی «شێلم جاڕان»ی سەر بە پیرانشار، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، هەرکامەیان بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.

### بێبەری بوون لە مافی مەرەخەسی زیندانییان:

بەرپرسانی زیندانی مەریوان لەگەڵ هاتنە مەرەخەسیی «تەحسین دادرەس»، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی مەریوان، دژایەتی دەکەن.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی دووشەممە ٨ی بەفرانبار، «هادی تەنوومەند»، چالاکی کریکاری، دوای تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی بۆکان. ئەو چالاکە کرێکارییە، سەرماوەزی ئەمساڵ پاش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زیندانی بۆکان، نێردرابووە مەرەخسی.
لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەسکەندەر سەیدمحەممەدپوور»، خەڵکی شنۆ بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزراوە.

### مانگرتن لە خواردنی زیندانییان:

ڕۆژی دووشەممە ١ی بەفرانبار، زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «مستەفا سەبزی» بەهۆی ئەوەیکە بەرپرسانی زیندانی ورمێ مەرەخەسییان پێ نەداوە، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەستی داوەتە مانگرتن.

### داسەپاندنی حوکمی ئێعدام:

شاکر بێهرووزی، زیندانیی سیاسیی کورد کە لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ، بە ئێعدام مەحکووم کرابوو، لە دۆسیەیەکی نوێی دیکەدا لەلایەن دادگای کەیفەریی ١ی تایبەت بە لاوانی ورمێ دووبارە بە ئێعدام مەحکووم کرا.

### ئێعدام کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زەینەب خودامورادی» تەمەن ٤٣ ساڵ خەڵکی شاری قوروە بە تۆمەتی «کوشتنی بە ئەنقەست» لە زیندانی ناوەندیی سنە، لە سێدارە درا.
سەر لە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە ١٠ی بەفرانبار، حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک تۆمەتبار بە «قەتڵ» بە ناوی «مستەفا سەیفی»، تەمەن ٢٨ ساڵ، کوڕی «عەتا»، خەڵکی گوندی «وێژناو»ـی شاری سەوڵاوا، لە زیندانی ناوەندیی سنە جێبەجێ کرا.

### کوژران و بریندارбوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «دانیال دەرزیان» بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری «دزڵی» شاری سەوڵاوا، بریندار بوو.
ڕۆژی دووشەممە ٨ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەبدولکەریم محەممەدی» خەڵکی گوندی «پشت کوڕ» سەر بە شاری سەلاس باوەجانی، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری نەوسوود، بریندار بوو.
ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٠ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «پەیام سوهرابی»، خەڵکی گوندی «نەیسانە»ی شاری نەوسوود، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا.

### خۆکوژی:

شەوی ٣٠ی سەرماوەز، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ بە ناوی «محەممەد وەیسی» کوڕی حەسەن خەڵکی گوندی «جۆجاڕ» سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
ئەو مێرمنداڵە تەمەن ١٢ ساڵە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە
ڕۆژی سێشەممە ٩ی بەفرانبار، وەرزشوانێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی «فەرزین عەزیمی» خەڵکی شاری دیواندەرە، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### ٢٩ هاووڵاتیی کورد لە ماوەی ٩ مانگدا ئێعدام کراون:

بەپشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردپا، لە ماوەی ٩ مانگی ساڵی ١٣٩٩دا، بە گشتیی ٢٩ هاووڵاتیی کورد، ئێعدام کراون.
هەروەها ئێعدام لە زیندانی شارەکانی کوردستان زیاتر لەو ڕێژەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست لەمەڕ لە سێدارەدراون، شوناسیان وەکوو کورد یان غەیرە کورد، ناڕوونە.
ڕێژەی ئێعدام کراوان: ٢٩ کەس لەو ماوەیەدا لە کۆی ١٧٩ ئێعدام لە ئێراندا، ٢٩ کەس لەو هاووڵاتییانە کورد بوونە کە سەرجەم بە تۆمەتی «قەتڵ» لە زیندانەکانی حکوومەتی ئێران، ئێعدام کراون.
٢٥ کەس بە تۆمەتی «قەتڵ»
١ کەس بە تۆمەتی پەیوەندییدار بە «مادەی سڕکەر»
٣ زیندانی سیاسی (هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، سابیر شێخعەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسووڵزادە)
مستەفا سەلیمی بە تۆمەتی «قەتڵ و سیاسی»
لە سێدارەدانی ئەو زیندانییانە (٩ کەس لە زیندانی سنە، ٧ کەس لە زیندانی ورمێ، ٢ کەس لە زیندانی مەراغە، ٣ کەس لە زیندانی سەقز، ٢ کەس لە زیندانی کرماشان،١ کەس لە زیندانی میاوندووئاو، ١ زیندانییەک لە زیندانی ڕەجایی شار، ١ کەسێک لە زیندانی مەهاباد، ٢ کەس لە زیندانی نەغەدە و زیندانییەکی سیاسیی لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ، ئێعدام کرا) بووە.
٢ کەس لەو زیندانییانە تەمەنیان لە کاتی تاوانەکەیاندا، تەمەنیان لە ژێر ١٧ ساڵ بووە، (ئەرسەلان یاسینی و شایان سەعیدپوور)
هیدایەت عەبدوڵڵاپوور زیندانیی سیاسیی کورد، کە پاش نزیک بە دوو مانگ لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ، بە شێوەی گوللەباران، ئێعدام کرا.
لە سێدارەدانی سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسووڵزادە، بە شێوەی گرووپی و بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشووی بنەماڵەکەیان، حوکمەکەیان جێبەجێ کرابوو.
هەروەها لەو ماوەیەدا، شاکر (فەرهاد) بێهروزی، زیندانیی سیاسیی کورد بە ئێعدام مەحکووم کراوە.

### کوژران و بریندارбوونی ١٣٨٢ کۆڵبەر لە ساڵی ٢٠١٢ هەتا ساڵ ٢٠٢٠

ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردپا، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی، لە ڕاپۆرتێکی جیاکاری_ئاماریدا، ئاماری کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی لە ماوەی ٩ ساڵی ڕابردووی زایینی دەخاتەڕوو (لە ساڵی ٢٠١٢ هەتا ساڵی ٢٠٢٠).
لە ساڵی ٢٠١٢هەتا ساڵی ٢٠٢٠ بە گشتی ١٣٨٢ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوونە (٤٩٦ کوژراو و ٩١٣ بریندار).
٢٨ کەس لەو کۆڵبەرانە کە کوژران و بریندار بوونە، تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بووە.
٧٨٪ لەو کۆڵبەرانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و بریندار بوون.
کوژران و بریندارбوونی کۆڵبەران بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی ٧٪، سەرمابردوویی و ڕنوو٦٪ و تەقینەوەی مین ٥٪، لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوژران و بریندارбوونی کۆڵبەران بوون.









